# خواناسی عاشقان

ئالان قەرەداغی

٢٠٢٠

ناوی کتێب: خواناسی عاشقان

نوسەر: ئالان قەرەداغی

بابەت: ڕۆمان – ئاینی

ساڵی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤

ئەگەر لە سەرەتاوە ڕەخنەت لە شێوازی نوسینەکە و قسە بازاڕیەکانی هەیە، تا کۆتایی مەیخوێنەوە، ئەتوانم بە ئەدەبیاتێکی بەرز یا وشك شت بنوسم، بەڵام ئەم کتێبەم جیاواز لە کتێبەکانی تر نەمویستووە ڕیتمێکی زۆر جددی وەربگرێ، بەڵکو ویستم ڕێك وەك دەمەتەقێی دوو هاوڕێی نزیك باسەکان بنوسمەوە، ناوەکان خوازراون و شوێنەکان تەنها بۆ داڕشتنی بەسەرهاتەکان بەکارمهێناوە.

# خواناسی لە دڵەوە بە تێپەڕبوون بە عەشقی مەجازی لێی تێدەگەیت

دۆشەکێك و بەتانیەك و هەندێ کەلوپەلی ترم پێچایەوە و وردە وردە شتەکانم لە ماڵەوە کۆکردەوە، بەڕێکەوتم بەرەو گەراجی پاسەکان، تا بچمەوە بۆ ئەو گوندەی کە ساڵێك لەوێ مامۆستا بووم، بەڕێ کەوتم بەرەو پاسەکانی پێنجوێن، چونکە ئەبوو بچم بۆ پێنجوێن، لەوێوە بۆ گوندەکە.

گوندەکە بە نزیکەی نیو کاتژمێر لە پێنجوێنەوە دووربوو، گوندێکی خۆش زۆرکات سەوز بوو، چەند کانی و

سـەرچاوەی ئـاوی سـازگاری تێـدابوو، خەڵـکەکەی بە زەرعـات و حەیوانـداریەوە خەریکبـوون، خەڵکێکـی سـادده و باشـی هەبوو.

سەر پاسەکە کەوتین و چاوەڕێ بووین تـا نەفەر بێت پاس پڕ ببێـت و بـڕۆین، عەلـیم بینـی، هـاوڕێیەکی سـەردەمی زانکـۆم بـوو هاتە ناو پاسەکە و ئەویـش بـۆ ئیشـێك بـۆ پێنجـوێن ئەچـوو، دوای چـاك و چـۆنی و ئەحواڵ پرسین و گێڕانەوەی یادگاریەکانی زانکۆ و بەشە نـاوخۆیی، وەکـو سـەردەمی زانکۆ کەوتینەوە قسەکردن.

عەلـی: ئەی لەگەڵ ئـیش و کـار چـۆنی و بەچـیەوە خەریکـی خـۆ تەعـین و مەعـین نەبووی هههه؟

من: کورە نەوەڵا تەعینی چـی، لە دێیەکـی پێنجوێن بوومەتە مامۆسـتا، ئێسـتا بـۆ ئەویَ ئەچمەوە.

عەلی: ئیَ ئیَ یەعنی ئیتر ئەبـیَ پێـت بڵێـین اوستاز ههههه

مـن: مردومـریَ تـۆ هەر لە حـیلکە حیلـك نەکەوتـــووی، کەڵە ئەزانـــی ســـەردەمی زانکـۆیش خۆشـبوو، لە سـوچێکی سـەر گەڕەکی داخلیەکانەوە دیاربووی بێـدەنگ

دانیشـتبووی چـاوەڕێی داخلـی وەرگـرتن بووی، بەخوا بۆ ئەو کاتە ناخۆشـبوو، بەس خۆزگە ئەو کاتانە ئەگەڕایەوە..

عەلی: کورە خوا بیـوڕێ کەی ژیـان بـوو، نەبوونی ئاو و ساردی و گەرمی داخلـی و دەوام و سەعی کوا خۆشبوو...

من: کورە دەی ژیانیش بەو هەڵبەز و دابەز و گەرمی و ساردیەوە خۆشە، دەی بەخـوا ئێسـتا ئـاوات بە سـەعیکردنەکەی داخلـی ئەخوازم.

عەلی: دەی لە ئاواتەکەوبم باشە هەهەهەهە

من: هههههه مردومریَ تۆزیَ هێواش قسە بکە ئەڵێی موکەبەرەو قوتداوە.

عەلی کەسێك بوو دەنگی زۆر بەرزبوو کە چپەی بۆ ئەکردی وەك قسەی ئاسای خەڵك وابوو، مردومراوە زۆر حەیابەرە بوو، شەرم و شتی نەبوو، لە قسەکردنا گوێی نەئەدایە چی ئەڵێ، هەر قسەی فڕێ ئەدا، ئێمە لای خۆمان بەو جۆرە کەسانەمان ئەوت کەرتڕ، گوێی بە دنیا نەئەدا، ساڵی یەکەمی زانکۆ هەوای عەشق لێیدا تۆزیَ خۆی گۆڕی و هەنیَ قسەی سوعبەت هەبوو نەیەکرد و فێری تەعامول و قسەی مەجلیس بوو، لەبەر ئەو کەسەی

عاشــقی ببــوو، هەمــوو شــتێکی ئەکــرد، بەڕاستی بە دڵی خۆشی ئەویست، کچێکی خۆشەویســت نــاوی ئەلینــا بــوو، هەر لە گروپــی خۆمــان بــوو، بــاڵایەکی بەرز و قژێکی ڕەشی خاو و ڕوو خۆش و هـار و هـــاج بـــوو، لەگەڵ ئەوەشـــدا زۆر بە شەخصیات و سەنگین بوو.

عەلــی چــونکە وەك خۆمــان لە مەکتەبــی کوڕانەوە هاتبوو، بە ژیـانی تـێکەڵ بە کـچ نەبوبو، بۆیە نە لە هەستی کـچ تێئەگەشـت نە ئەیزانی بە شێوازی خۆیان قسە بکات.

لە بەشـــــەناوخۆییەکان وردە وردە لەگەڵ یەك ئەکراینەوە و قسـە و سـوعبەت کەوتە

نێوانمان، عـادەتەن وابـوو، دوای پرسـیاری دەرەجەی پۆلی دوانزە و باسکردنی شار و شــوێنی خۆمــان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیــاتر لەگەڵ یەك ئەکــراینەوە، بــاس ئەبــوو بە باسی عاشقایەتی و بەزم و هەرای دەوام و محازەرە، کوڕێکمان لەگەڵ بوو ئەو تۆزێ لە ئێمە باشتر بوو بۆ ئەو مەسـەلانە چـونکە پێشــتر لە مەکتەبــی تــێکەڵاو خوێنــدبووی هەنێ شتی ئەزانی ئێمە نەمـانئەزانی، ڕۆژێ لەکاتی چێشتلێنان عەلـی وتـی شـێخە، هەر لەخۆمەوە دڵم ها بە ئەلیناوە، کچێکی زۆر بە شەخصیات و ڕێـك و پێـك دیـارە و ئـا لەم قسانە.

من: مردومرێ کەم درۆکە تۆ بە دوو ڕۆژ چۆن زانیت شەخصیات و شتی هەیە هههههه، بڵێ جوانە و خۆشمەوێ ئیتر ئەم ورتە ورتەی ناوێ.

عەلی: دەی برا بەخوا ڕێك ئەوەیە ئاخر کە خۆشمەوێ لەخۆمەوە وا هەستەکەم لە هەموو ڕوویەکەوە لەو باشتر نییە.

من: ئێ دەی هەر وایە عاشق نوقتەی زوعف لە مەعشوقەکەی نابینێ، یا زۆر بە کەمی ئەیبینێ.

عەلی: دەی ئیتر فەلسەفە لێ مەیە من چیبکەم چۆن دەمەتەقێیەکی لێڵ بکەم؟

مـن: هههههـه دەمەتەقـێ یەعنـی قسـه و یەکترناسـین، وەڵا ڕێـبەر شـارەزاترە ئەو جەلادی ئەو مەسـەلانەیە تەکبیـر بـۆ ئەکـا ئەگەر سەرت نەکا بە قوڕا.

عەلی: ئا ئـا ئەوەی کە تـۆ ئەیڵێـی ئەمەوێ بەهـۆی شـتێکەوە قسـەی لەگەڵ بـکەم کە قسـەکان درێـژە بکێشـێ نەك بە بەڵـێ و نەخێـر تەواو بێـت، ئەی کـوا ڕێـبەر نەهاتۆتەوە؟ لە بەختەکەی من.

مـن: بەخـوا سـاختەچیت ئەزانـم مەبەسـت چیـیە، ڕێـبەر لە بەخـتەکەی تـۆ ئەڵێـی بـۆ ئەوائیلـی ئەخـوێنێ هێشـتا لە زانکـۆیە محازەرەی زیادە ئەخوێنێ هههە.

عەلی: ئا بەقوربان بێژە چیبکەم تا ڕێبەر تێتۆ.

عەلی بەدەم گۆرانی وتنەوە چووە ژورەکە و خەوی لێ کەوت، دوای چەند خولەکێك ڕێبەر هاتەوە، وتم ڕێبەر ئا بێ.

ڕێبەر: هیلاکم وازبێنە با بچم تۆزێ بخەوم تۆ چێشتەکە لێنێ خۆم دوای قاپەکان ئەشۆم بەس ئێستا تاقەتی هیچم نییە.

من: دە بڕۆ بەس عەلی ئیشی پێتە

ڕێبەر: باشە دوای کە هەستام لە خەو

کات بوو بە ئێوارە و نوێژی مەغریبمان کرد و ڕێبەر و عەلی هەستان لە خەو بە

سەروچاوێکی ترشاوەوە هاتنە دەرەوە، دەستنوێژیان گرت و دوای نوێژ چێشتمان تێکرد، لەسەر سفرە مەوزوع کرایەوە، وتم ڕێبەر عەلی توشبووە.

ڕێبەر: هەلاو مامە عەلی خۆ هێشتا دوو ڕۆژە دەوام ئەکەین چۆن عاشق بووی؟

عەلی: مامە عەشق زۆر موهیمە تۆ لێی نازانی، باشە مامە ڕێبەر کەسێ عاشق بێت چۆن قسە لێڵ مەعشوقەکەی بکا؟

ڕێبەر: ئێ خۆ تۆ ئەڵێی لێی نازانی، چۆن قسەی لەگەڵ بکا چۆن قسەی لەگەڵ بکا، هەر لەڕێی محازەرەوە و شتەوە.

عەلی: واتە چۆن؟

ڕێبەر: چوزانم داوای مەلزەمەیەکی لێ بکە یـا شـتێك لەو جـۆرە، کێـیە ئەمە دڵـی بردووی؟

عەلی: وەڵا ئەلینایە

ڕێبەر: تـۆ تەماشـا ئەو خێـر و بێـرە بـۆ تـۆ هـاتۆتە پـێش ئەمـڕۆ ئەو داوای مەلـزەمەی کاڵکوڵەسـی لە مـن کـرد، شانسـەکەی تـۆ پێم نەبوو.

عەلی: توخوا بەڕاست ئێ ئێ...

ڕێبەر: ئێ بۆسته مەمخۆ ئێستا بۆو باسکەم، مەلزەمەکەی نادەمێ، پێی ئەڵێم لە داخلی لێم ون بووە، لای عەلی بیهێنە.

جا عەلی کە بە حەماسەوە قسەی ئەکرد یا شتێکی لا گرنگ بوایە کە قسەی ئەکرد ئەهاتە ناوچاوتەوە.

ڕێبەر ئەم پلانەی بۆ دانا، بەیانیەکەی بە ئەلینای وت کە مەلزەمەکە لای عەلی هەیە، ئەم تەکبیرەی بۆ عەلی کرد، من چوزانم عەلی لەڕووی نەهاتووە بیداتێ چووە لەسەر لۆکەرەکان بۆی داناوە، محازەرەی دووەم تەواو بوو، لەگەڵ عەلی وەستابووین بەحساب ئەلینا بێت و داوای

مەلزەمە لە عەلی بکا، ئەلینا هات و دوای چاك و چۆنی بە دەنگێکی ناسك وتی: کاك عەلی مەلزەمەی کالکولەس لایە بیبەم و بەیانی بۆت بێنمەوە، ڕێبەر وتی لای ئەو هەیە؟

عەلیش بە دەنگێکی زل و ناخۆشەوە، وتی ها وەڵا قاید گیان ئەوەتا لەسەر دۆلابەکان بۆم داناوی.

جا ئیتر کە وتی قاید گیان بورامەوە لە پێکەنینا، دوای کە ئەلینا ڕۆشت وتم مردومریێ ئاخر قاید کەی بۆ کچ بەکاریەت، واز لە دۆلابەکان بێنە لەمەودوا بڵێ لۆکەر.

عەلی سەرەتا ئاوابوو، تا وردە وردە لەگەڵ وەزعەکە ڕاهات.

ئەوەنەبێ ئێمەش زۆر باشبووبین منیش عەشایەرانە قسەم ئەکرد بەس قاید و دۆڵابەکەی عەلی زۆر خۆش بوو نەتەتوانی پێنەکەنی.

ئەم یادگاریەم بۆ عەلی ئەگێڕایەوە، پاسەکە گەشتە نزیك عەربەت، پاسێك بۆ سلێمانی ئەهات، بە پەڕۆی سەوز و ئایەت و حەدیس ڕازێنرابۆوە، لەناو پاسەکەی خۆمان نەفەرێك وتی ئەمەش دەروێشەکانن یەن بۆ سلێمانی بۆ زیارەت.

عەلی وتی بەخوا ئەمانەش چاك سەریان لە خۆیـان و ئـێمەش تێکـداوە، کـورە وەڵا ئەمانە بەس دیـن ناشـرین ئەکەن ئـاخر ئەم دەف و تەپـڵ و هەڵپەڕکێـیە کەی لە دینـا هەیە؟!

بێـدەنگ بـووم هـیچم نەوت هەر بەردەوام بوو، ئینجا کردی بە پرسیار بۆ من و وتی: ئـا وەرە تـۆ شـێخی و پشـتگیری ئەمـانە ئەکەی ئـا بـۆم باسـکە بـزانم ئەمە چ پەیوەندی بە دینەوە هەیە؟

من: کاکە شتەکە زۆر قسە هەڵەگرێ ئـاوا باس ناکرێ ئەوەی تۆ ڕاستە ئیتر کۆڵبە.

عەلی: نا توخوا هەر بەجددیمە حەزەکەم لەو شتانە تێبگەم بزانم بۆ ئاوا ئەکەن.

زۆر ئینکاربوو وازی نەهێنا، منیش ناچار بۆم باسکرد پیاو ڕاست بڕوا خۆیشم حەزم بە دەمەتەقێکە ئەکرد ڕێیەکە دوربوو.

من: یەکەمجار ئەبێ بزانین کامە ئەسڵی بابەتەکەیە؟ تەصەوف و خواناسی، یا ئەم تیغ بازی و شت خواردنە؟، ئاخر ئەگەر تۆ وابزانی تەصەوف ئەم زیادکراوانەیە، من ناتوانم بەرگری لەمانە بکەم، چونکە خۆیشم لەوەدا هاوڕام کە ئەمە زیادکراوە و بۆ ئەم سەردەمە ئەسڵی نییە و تەصەوفیش ناشرین ئەکەن.

عەلی: ئەی ناشێ ئەمەش لق و پۆپ و باڵ باڵێنی هەبێ ئەم تەصەوف و دەروێش و شتە؟

من: با ڕێك وایە تۆ بۆستە با بۆت باسکەم

لە زۆر شتا لق و پۆپ و وەك خۆت ئەڵێی باڵ باڵێن هەیە، بەس تۆ ئەگەر بتەوێ لە شتێك تێبگەی، ئەگەر ئەسڵەکەی هەبوو، ناکرێ لە ئەسڵەکەی نەکۆڵیتەوە یەکسەر لەسەر کردار و قسەی خەڵك بڕیار بدەیت، مادەم ئەسڵی بابەتەکە هەیە، کەواتە ناکرێ تۆ هەریەکێ وتی من شێخم وابزانی تەریقەت هەر لای ئەوە، یا یەکێك بینی شوشە و بەردی خوارد وتی

دەروێشم تۆ بڵێی دەروێشەکان هەموویان خەریکی بەرد و شوشە خواردنن... واتە ئەبێ لە ئەسڵی بابەتەکەوە بکۆڵیتەوە، ئەسڵی دەروێش چییە، ئەسڵێ تەصەوف چییە، ئەسڵی تەریقەت و مورشید چییە.

تەصەوف بە کورتی خۆداماڵینە لە کیبر و خۆبەزلزانین و دورکەوتنەوە لەو شتانەی کە لە خوا دورت ئەخەنەوە، پاککردنەوەی دەرونە، چونکە کیبر گەورەترین دوژمنی ئینسانە، گەورەترین تاوانە لەلای خوا، دیقەت بدە، شەیتان یەکێك بوو، لە فریشتە خۆشەویستەکان لەلای خوا، تەنها بە کیبر بوو کە ئەو

فریشته بوو به شەیتان و لە میهرەبانی خوا بێبەش بوو، کاتێ خوای گەورە پێی فەرموو سوجدە بۆ ئادەم ببە، شەیتان وتی من لە ئاگر دروستبووم و ئادەم لە خۆڵ دروستبووە، چۆن ئەبێ من سوجدە بۆ ئەو ببەم، بەم قسە شەیتان بێ بەش بوو، لە میهرەبانی خوا، لەکاتێکدا کە یەکێك بوو لە خۆشەویسترین فریشتەکان لەلای خوا.

عەلی: باشە چۆن شەیتان خۆشەویست بووە لای خوا؟

من: ئێ شەیتان کە ناوی ئیبلیسە، واتە بێ ئومێد لە میهرەبانی خوا، پێشتر ناوی عەزازیل بووە، عەزازیل لە دوو وشە

پێکهاتووە، عزز واتە عیزەت، ئیل واتە اللـە واتە دەســەڵاتی خــوا، بەڵام دواتــر نــاوی گۆڕا بە ئیبلیس واتە بێ بەش لە میهرەبـانی خوا.

بـــۆیە بە کـــورتی تەصـــەوف ئەوەیە کە ئینسان تەواو خۆی بپارێزێ لە خۆبەزلزانین و فیـــــز و تەکەبـــــور، بەوە وردە وردە ئەتوانێت بگاتەوە بە ناخی خـۆی و بگـات بە ناسینی خودا.

عەلی: باشە ئەی ئەسحاوە ئەم قسانەی تـۆو و ئەم شێخ و شتە یەك ناگرێتەوە، سـەیرکە شـــێخێك پیشـــان ئەدا لە فەیســـبووك و تەلەفیزیۆن خەڵك دەسی ماچەکـا و یەکـێ

قـاچی ماچەکـا ئەی ئەم شـێخە بـۆ خـۆی دانەماڵیوە لە خۆبەزلزانین؟

مـن: ئـاخر ئەوە کێشـەکەیە ئـێمە نـاچینەوە سەر ئەسڵی بابەتەکە کە بزانین ئەسـڵەکەی چییە یەین لەڕێی فەیسـبووك و تەلەفیزیـۆن و ڕاگەیانـدنەکان بڕیـار لەسـەر بابەتەکـان ئەدەیـن، جـا ڕاگەیانـدنیش تەبیعەتـی وایە زۆرجــار حەقــیقەتەکەت پیشــان نــادات، بەڵکو ئەچێ ئەگەڕێ بەشوێن شتێکی شـاز و دەگمەن ئەوەت پیشـان ئەدا، تـا بەهـۆی دوو لایك و کۆمێنت و بینەرەوە خۆی پێ گەورە بکا.

تـــۆ تـــا ئێســـتا بیســـتووتە، کە یەکێـــك لە پیاوچـاك و شـێخە گەورەکـان کاتێـك، لە بغداد داوای لێ ئەکەن بچێت بۆ بغداد بـۆ مزگەوتێك و مورشیدی بـۆ خەڵکـی ئەوێ بکـا، کە داواکـای پـێ ئەگـات، ئەڵـێ بە مەرجێـك ڕازی ئەبـم بـێم، بەو مەرجەی خـــۆم ســـەرئاوەکانی مـــزگەوتەکە پـــاك بکەمەوە، کەس بۆ ئەو کارە دانەنێن.

یـان بەسـەرهاتێکی تـر هەیە، شـێخێك لە ئەحـوالی موریـدەکانی ئەپرسـێت، ڕۆژێ موریـدێك ئەبینـێ و پێـی ئەڵـێ ئەحواڵتـان چۆنە، موریدەکەش ئەڵێ لە سایەی خوا و سـەری تـۆوە باشـین، لەوکـاتە شـێخەکە

سەری خۆی ئەخاتە سەر زەوی و ئەڵێ (سوێن بەخوا ئەبێ قاچ بخەیتە سەر سەرم) چۆن ئەبێ سەری من بخەیتە ئاستی خوا.

سەیرکە ئەمە تەصەوفی ڕاستەقینەیە، هەم مورید هەم شێخ ئەوەنە خۆیان بە دورگرتووە لە خۆبەزلزانین، بەس ڕاگەیاندن ئەمانە پیشانی ئێمە نادەن چونکە لەمانە کۆمێنت و لایکیان دەس ناکەوێت، ئیلا کۆمەڵێ لادەر پیشان ئەدەن تا چوار کەس بە کۆمێنت جنێویان پێ بدات و بینەری ئیعلامەکەیان زیاد ببێت.

عەلی: باشە با بڵێین لە ئەسڵەکەی نەکۆڵینەتەوە و لێی تێناگەین، بەس

هەبوونی ئەم شتانە چ پێویست ئەکا نوێژ و ڕۆژووی خۆمان ئەکەین و پێویستمان بەم دەف و هەرا و بەزمە چییە؟

من: پێویستییەکە چییە؟ ئەو نوێژ و ڕۆژووە کە ئەیکەیـن تـا چەن بە دڵ و رۆح تیـا ئامادەین؟!

عەلی: وەڵا ئیتر ئامادەین بۆ ئامادە نین؟!

من: دەی نەخێر هەستەکەم تا لە تەصـەوف و عەشقی خـوا تێنەگەیـت و خـوا نەناسـی نـازانی و نـاتوانی ئەو نـوێژ و عیبـادەتە بکەیت کە خوا ئەیەوێ.

عەلی: یەعنی چۆن بەحسابی تۆ ئەم عالەمە خوا ناناسن تەنها ئەم جەماعەتە دەروێش و شتە نەبن؟! دەی شێخە چۆن شتی وا ئەبێ هەیە سەد قاتی شێخەکەشتان موسوڵمانە و خەریکی ئەم بەزم و ڕەزمەی ئێوەش نییە.

من: هههههە شێخی من کێیە، نە شێخم هەیە نە هیچ.

عەلی: ئەی بۆ پشتگیرییان ئەکەیت.

من: ئێ کوا پشتگیرییە بەس پێتەڵێم مەسەلەکە چییە و ئەسلی بابەتەکە چییە ئەوەی کە من لێی تێگەیشتووم.

جا قسەو بۆ بکەم تۆ وتت نوێژ و ئەکەم و ڕۆژوو ئەگرم و عیبادەتەکانی خۆم ئەکەم، باشە پرسیارێ، لە نوێژدا خەیالت ئەڕوا بەملاولا؟؟

عەلی: ئەرەوەڵا زۆرجار جا خۆ هەر منیش وا نیم زۆرکەس هەر وان خەیاڵی ئەڕوا لە نوێژدا.

من: باشە ئەبێ خەیاڵ بڕوا؟ لات وایە ئەو نوێژە تەواوە؟

عەلی: وەڵا ئەوەنەی بیستوومە فەرزەکەت لەسەر لائەچێ بەس وەك پاداشت پاداشتی زۆر نییە.

مـن: کەواتە تـۆ بـۆ ئەوە نـوێژ ئەکەی کە تەنهـا ئەرکەکەت لەسـەر لاچـێ نەك بـۆ مەبەستەکەی خۆی.

عەلی: مەبەستەکەی خـۆی چیـیە نـوێژ هەر عیبادەتە ئیتر چییە؟

من: نەخێر تەنها عیبـادەتێکی ئاسـایی نیـیە، بەڵکـو نـوێژ لیقـایە لەگەل خـودا، واتە بە کوردیەکەی قسەکردنە لەگەڵ خـودا، واتە تـۆ ڕۆژی پێـنج جـار قسـە لەگەڵ خـودا ئەکەیت.

عەلی: ئێ باشە ئەزانم وایە

من: ئەزانم نا، بەجددی تا چەند بە دڵ هەستەکەی کە وایە؟!

عەلی: وەڵا وایە

من: دەی بڕواناکەم وابێ، ڕاستە بەدەم ئەڵێین وایە بەس ئایە بە ناخ و دڵ لامان وایە کە نوێژ پەوەندییەکە لەنێوان خۆمان و خودا؟

عەلی: ئێ باشە بزانم چۆن وا بزانم؟

من: لێرەوە ئەبێ تێبگەین بزانین بۆچی ئەهلی تەصەوف و شاعیرەکان وشەی عەشق بۆ خوا بەکار ئەهێنن، چونکە هەر کارێك بە عەشقەوە بکرێت بە تەواوی دڵ

بـۆی ئامـادەیە، لەکاتێکـا زۆر کەس پێـی دروست نییە کە وشەی (عەشق) بـۆ خـودا بەکاربێـت، چـونکە ئەو کەسـانە عەشـقیان تەنهــا لە پەیوەنــدی دوو ڕەگەز کــورت کردۆتەوە.

عەشــق قوڵبــوونەوەیە لە خۆشەویســتی بــۆ شتێك یـا کەسێك، بە کەسـەکە ئەوترێـت مەعشــوق، کــاتێ ئینســان عاشــقی شــتێك ئەبێت واتە خۆشەویستی بۆ ئەو شـتە تەواو قوڵبـــۆتەوە، کەواتە عەشـــق پەلەیەکە لە خۆشەویستی تۆخترە، لای ئێمە وا ئەزانـین عەشـق تەنهـا بـۆ خۆشەوسـتی نێـوان دوو ڕەگەزە، وەك ئەوەی تـــۆ و ئەلینـــای

ڕەحمەتـی (بەپێکەنیـنەوە)، هەرچەن ئەوەی تـۆش باشـبوو، خەڵـك هەیە وەك گـورگ برسی گۆشتێکە و ناوی ناوە عەشـق، ئەینـا خۆی ئەوە عەشق نییە، بەس چیـیە چـونکە وشــــەکە لە خۆشەویســــتی نێــــوان دوو ڕەگەزی جیـا کــورتکراوەتەوە، بــۆیە کە وشــەی عەشــق بــۆ خــودا بەکــارئەهێنین، ئەوانەی ئەڵـێن دروســت نیـیە، لەو ڕووەوە ئەڵــــێن دروســــت نیــــیە ئەیشــــوبهێنن بە پەیوەندی نێوان دوو ڕەگەز، لەکاتێکا وەك وتمــــان عەشــــق بەرزتــــرین پــــلەی خۆشەویستییە ئیتر خۆشەویستییەکە بۆ هەر شتێك بێت.

ئەگەر هەر عیبادەتێك كرد بۆ خوا بە عەشقەوە كردت ئەوە نە خەیاڵت ئەڕوا نە عیبادەتەكەشت لا قورسە، بەپێچەوانەوە چركە بە چركە كات ئەژمێریت تا كاتی نوێژەكان دێت، كە چویتە نوێژیشەوە ئیتر لە دنیاش دائەبڕێیت، ئەوكات ئەگەیتە ئەو حاڵەتەی لەبری ئەوەی لە ئیش پێنج دەقە ئیشەكەت جێبێڵی بۆ نوێژ و دوای بگەڕێیتەوە، دایمە خەریكی عیبادەت ئەبی و كەمترین كات بۆ ئیش دائەنێی.

عەلی: واز لە خەیاڵەكە بێنە بەس بۆ عیبادەتم لا قورسە؟

من: قورسی مەبەستم چییە، قورسە لەسەر شانت لەبەر ئەوە ئەیکەی کە ئەڵێی واجبە ئەبێ بیکەم نەك بە حەزەوە بیکەیت، ئاخر ئەو دوو شتە زۆر جیاوازە، سەیریکە بۆئەوەی بزانی کە عیبادەتەکان لا قورسە، ئێستا ئەگەر بڵێن گوناح نییە و لەو دنیا لێپرسینەوەشت لێ ناکرێ لەسەر ئەوە، ئەتوانیت نوێژی بەیانیان نەکەیت، بەلاتەوە خۆشبوو، وایە؟ ئەو خەوە خۆشەی بەیانیان بە ئسراحەت ئەخەوتی، وایە؟

عەلی: وەڵا خۆ وایە، بەس کردنەکەی واجبە و هەڵبەتە حیکەمتێکی تیایە بۆیە ئەبێ بیکەین.

من: باشه تۆ واز له حیکەمەتەکەی بێنە، حەزت ئەکرد ئەو نوێژە نەبوایە و بۆخۆو بخەوتیتایە؟

عەلی: ئەگەر نەکردنی گوناح نەبوایە بەرەوەڵا.

من: ئەها جیاوازی خەڵکە عامەکە و دەروێش و ئەهلی تەصەوف و ئەوەی کە بە عەشقەوە نوێژ ئەکا لێرەدایە، دەی تۆ ئەگەر بەڕاستی هەست بکەی کە تۆ لەکاتی هەر نوێژێکدا لەگەڵ خودا قسە ئەکەیت، چۆن حەزت ئەکرد نوێژی بەیانیان نەبێ؟!

کاتێك عیبادەتەکان تەنها وەك ئەرکێك یان واجبێـك سـەیرکەی قورسـە لەسـەر شـانت ئەوەتـــا ئەگەر گونـــاح نەبـــێ حەزەکەی نەیکەیــت، بەڵام کــاتێ تــۆ بە عەشـــقەوە عیبادەتێکت کـرد، لەزەتـی لـێ وەرەگـری هەر شـــتێکیش لەزەت لـــێ وەرگـــرت بە تامەزرۆییەوە ئەیکەیت نەك وەك ئەرکێکی قورس وابێت لەسەرت.

عەلـــی: جـــا چ پێویســـتەکات عیبادەتەکـــان چێژی لێ ببینین، عیبادەتە و فەرزە و ئەبـێ بـــیکەین... دەی فەرمـــوو نـــایکەی چـــی ئەکەی؟ یەعنی هەر ئەبێ بە چێژەوە بێت؟

مـن: ئەزانـی چـۆنە، هەرچەنە لەوانەیە ئەم بۆچونەشـم هەڵەبـێ و تەواو نەمپێکـابێ، بەڵام لام وایە، کە ئیمان و دین ئەبێ چێـژ و لەزەتـی لـێ وەرگـری ئینجـا ئەتـوانی بەڕاسـتی بیکەیـت و حەقـی خـۆی پـێ بـدەیت، جـا هەرشـتێکیش چێـژت لـێ وەرگـرت، حەز نـاکەی زوو تەواو بێـت، بەعەکسەوە چرکە بە چرکە کات ئەژمێری تا کاتی ئەو عیبادەتە دێت، دەی لای ئێمە ڕێك بە عەکسەوەیە ڕۆژوو ئەگرین کـات ئەژمێرین تا زوو تەواو بێت، نـوێژ ئەکەیـن خواخوامـانە زوو تەواو بـین و بچیـنەوە بەلای ئـیش و کارەکانمـانەوە، دەی ئەگەر

بەڕاستی لە مانای عیبادەتەکان تێبگەین، حەزەکەی هەموو چرکەیەك لە عیبادەتا بیت.

عەلی: ئێستا بۆ نمونە مانای ڕاستەقینەی عیبادەتەکان چییە؟

من: مانای ڕاستەقینەی باشکردنی پەیوەندی خۆت و خوایە، گەڕانەوەتە بۆلای خوا بەڕاستی، بۆ نمونە نوێژ، نوێژ وەستانە بەرامبەر خوا و گفتوگۆکردنە، داواکردنە لە خوا، بەس لای ئێمە کێمان ئاوا نوێژ ئەکەین؟! کە نوێژ ئەکەین وا هەستەکەی کە بەرامبەر خوا وەستاوین؟! نەخیر، بۆچی؟ چونکە بە عەشقەوە نایکەین.

ڕۆژێ دانیشـــتبووین باســـی عیبـــادەت و خەیـــاڵ ڕۆشـــتنمان ئەکـــرد لە نـــوێژدا، ناسـیاوێکمان وتـی مـن جـاری وا بـووە، نوێژم کردووە بە پێوەبووم هەستم کـردووە پەنجەم ئەجوڵێ دوای بیرمکەوتـۆتەوە، کە ئەم پەنجە جوڵانە ئەمە کاتەکەی نییە، ئەوە ئەبــێ لە تەحیاتــا بێــت، نەك بەپێــوە، جــا مەبەســتەکەی ئەوەبــوو کە وتــی خەیــالم ڕۆشتووە بەپێوەبووم تەحیاتم خوێندووە.

دەی تۆ ئەگەر بە عەشقەوە نـوێژ بکەیـت، خەیاڵت ئەڕوا؟ نەخێر.

بــۆ ئەوەی لە عەشــقی خــودا تێــبگەی زۆرجــار پێویســتە بە عەشــقی مەجازیــدا

تێپەڕبیت، وەك شێخ عبدالقادری گەیلانی ئەفەرموێ (هیچ کەس ناگات بە عیشقی خودا، تا بە عیشقی مەجازیدا وەك پلیکانە تێنەپەڕێت).

عەلی: دە تۆ بۆستە ئەسحاوە با تێبگەم مەجازی یەعنی چی؟

من: ئەزانی مەجازی چییە، هەنێ شت کە تۆ باسی خوا ئەکەیت، باسی جیهانێك ئەکەی دەرەوەی بیرکردنەوەی ئێمەیە، سیستەمێکی بەڕێوەبردنی هەیە، لەدەرەوەی بیرکردنەوە و شێوازی بەڕێوەبردنی لای ئێمەیە، لەو جیهانەدا ئێمە نازانین کات چۆنە؟ شەو و ڕۆژ چۆنە؟ کاتێ تۆ باسی

شتێکی ئەو جیهانە بۆ کەسێك ئەکەیت، ناچاریت بیشوبهێنیت، بە شتێکی ئەم دنیا، بەوە ئەڵێن مەجازی واتە شتێك کە لە سنوری بیرکردنەوەی ئێمە نییە تۆ ئەیشوبهێنیت بە شتێك کە ئێمە لێی تێبگەین.

عەلی: دەی باشە ئێستا یەعنی بڵێین عشقی مەجازی وەکو چی؟

من: عەشقی مەجازی وەك ئەوەی تۆ و قاید (ئەلینا) بە (پێکەنینەوە).

عەلی: دەی ئەسحاوە ڕامەبێرە بەجددی گوێم گرتووە.

مـــن: ئـــێ وەڵا بەڕاســـتمە ئەوە عەشـــقی مەجازییە خۆشەویستی تۆ بۆ ئەلینا.

عەلی: ئەی عەشقی حەقیقی چییە؟

من: عەشقی خودایە.

لەم قسـە و باسـانەیا بـووین پاسـەکە بەلای دەشت و دەرێکدا تێپەڕبوو، دەشت سـەوز بوو شاخەکان دیمەنێکـی جوانیـان هەبـوو، عەلی پرسی: باشە ئەی شتێکی تر.

من: چییە؟

عەلی: باشە بۆ ئەڵێن سەیرکردنی ئەم شـاخ و کێوە وەك عیبادەت وایە؟ بـۆچی سـەفرە

و سەیران ئەگەر بیر لە سروشت بکەینەوە خێر و عیبادەتە؟

من: پرسیارێ جوان بوو! سەیرکە بابەتەکە تۆزێ قوڵترە، خۆی لە ئەسلا سەیرکردنی شاخ و کێوەکە عیبادەت نییە، بەڵکو سەیرکردنی شاخ و کێوەکە بۆ ئەو مەبەستەیە کە ڕاتبکێشێ بۆ عیبادەت.

عەلی: چۆن یەعنی؟

من: کاتێ تۆ لە عەشقی مەجازیدای و کەسێکت خۆشەوێ، لە هەموو حاڵەتێکدا بیر لەو کەسە ئەکەیتەوە، لە هەموو کاتێکدا ئەوت لەبیرە، ئەگەر لە کاتێکیشدا

ئەوت بیرنەبـــــێ بەهـــــۆی شـــــتێکەوە بیـــرتەکەوێتەوە، بــۆ نمــونە ئەو کەســەی خۆشتەوێ ئەگەر وێنەکێش بێـت، ڕۆژێـك ئەویشت بیرنەبێ، بەڵام وێنەیەك ببینیت کە ئەو کێشــابێتی یەکســەر ئەوت بیــردێتەوە، ئەکەویتە وەسـفکردنی وێـنەکە، وێـنەکەت لا جوانە، لە ئەسلا تۆ ئەو وەسف و سەنایە بـۆ وێـنەکە ناکەیـت، بەڵکـو وێـنەکەت لا جـوانە چـونکە ئەو کێشــاویەتی، بـۆیە تــۆ ناڕاستەوخۆ وەسفی ئەو کەسە ئەکەیت کە خۆشـــــتەوێ، بەهــــۆی وێـــــنەکەوە مەعشوقەکەت بیرکەوتەوە و یادت کرد.

سەیرکردنی ئەم شاخ و کێوەش بۆ ئەوەیە تۆ ئەگەر بۆ ساتێکیش خوات لەبیر کردبوو، بەهۆی دروستکراوەکانیەوە خالقەکەیت بیربێتەوە کە خودایە، تۆ کە سروشتە جوانەکە ئەبینیت ئەزانیت کە ئەم جوانیە کێ دروستی کردووە، بەو جۆرە خوات بیردێتەوە و بیر لە گەورەیی خوا ئەکەیتەوە، بیرکردنەوە لە گەورەی خوداش واتە یادکردنی، کە ئەوەیە بە عەرەبی ئەڵێن زیکر، ئیتر مەرج نیە ئێمە تەنها بە زمان زیکر بکەین، کاتێ تۆ دروستکراوێکی خوا ئەبینیت و یادی خوا

ئەکەیت ئەوە خۆی زیکرە، زیکرێکە لە دڵەوە ئەکرێ و بە دڵیش ئەکرێ.

ئاوا خەریکبووم قسەم بۆ ئەکرد، سەیرەکەم عەلی موبایلەکەی بەدەستەوەیە و سەیری ئەکا و خەیاڵی ڕۆیشتووە و زەردەخەنە ئەکا، زانیم ئەلینای بیرکەوتەوە پرسیارم لێ کرد.

من: چییە ئەوە من بۆ کێ قسە ئەکەم؟ ئەوە چییە خەیاڵت ڕۆشتووە و پێ ئەکەنی؟

عەلی: ئۆهۆوو لە خەیاڵێکی خۆشا بووم لێو تێکدام.

من: تەبعەن بیر لە ئەلینا ئەکردەوە وایە؟

عەلی: ئا لەوکاتەی تۆ قسەت ئەکرد ئەو ڕەسمەم بیرکەوتەوە کە کێشابووی لەسەر مەلزەمەکە، هەر ئەو ڕۆژە ڕەسمی مەلزەمەکەم گرت و مەلزەمەکەشم لا ماوە، زوو زوو سەیری ئەکەم.

من: (بە پێکەنینەوە) تازە ڕۆیشت خوا ئەزانێ ئێستا ها لە کوێ، باشە بەس نییە ئەو تۆزە یادگارییەی بۆ جێهێشتووی.

عەلی: وەڵا وابزانم هەر لەم مەنتیقەیە ماڵیان، یادگاری چی ئەو ڕۆژە مەلزەمەکەم

لای ئەو بـوو بێتـاقەتی لەسـەر مەلزەمەکـی من کێشای خۆ بۆ منی نەکێشاوە.

من: ئێ کەواتە ئیتر بۆ ئەوەنە لات موهیمە و ڕەسـمت گرتـووە و مەلزەمەکەشـت هەڵگرتووە؟

عەلی: ئـێ وەڵا بڵـێم چـی هەر باشـە جـار جار سەیری ئەکەم بیرمەکەوێتەوە.

مـن: یەعنـی کە ئێسـتا سـور ئەزانـی تەواو ژیـانی خـۆی هەڵبـژاردووە، بەڵام تـۆ هەر بیـری لـێ ئەکەیـتەوە، بەو بیرکـردنەوەیە ناڕەحەت نابی؟

عەلی: کوڕە نەوەڵا، نازانم چۆنە لەخۆوە هەستێکی سەیرم هەیە، ئەو بێتاقەتییەی کە بەهۆی بیرکردنەوە لەوەوە توشم ئەبێ لەخۆوە هەستێکی خۆشە لەلام و بە بێتاقەتی نازانم.

من: وایە، بەو قسەیەتا شیعری عارفێکم بیرکەوتەوە، کە ئەو بۆ خوای نوسیوە، ڕێك هەمان قسەی تۆیە بەس بە شیعر وتویەتی، ئەڵێ

ئەگەر لوتفت هەبێ یاڕەب ئیمان ئەبێ بە پەرژینم
لەباتی سەیری دونیا کەم بە چاوی دڵ تۆ ئەبینم
***
بەهەشتم کەی لەفکرایە مەبەستم بەندەگیی تۆیە
ئاواتم تۆی ئیمانم تۆی دڵ عەرشە و جێتە ئەی دینم

***

چەندە دۆزەخ بڵێسەی بێ باکم نیە لەشـــــاڵاوی
بەعەشقی تۆ گەر ڕژابێ بەسەر سینەم دا ئەسرینم

**جا دیقەتی ئەو دێڕە بدە**

چەنـــدە دۆزەخ بڵێســـەی بـــێ بـــاکم نـــیە لەشـــــاڵاوی

بەعەشقی تۆ گەر ڕژابـێ بەسـەر سـینەم دا ئەسرینم

واتە گوێ نادەمە هەڵـپە و بڵێسـەی ئـاگری دۆزەخ ئەگەر لەپێنـاو تۆیـا تیـا بسـوتێم و فرمێسك بەسەر لاشەم بێتە خوارەوە، ئەووەم لا خۆشـــە چـــونکە لەبەر تـــۆیە، تەنـــانەت عەزابەکەشم لا خۆشە چونکە لە تۆوەیە.

عەلـی: وەڵا خـۆ شـیعرێ جـوانە، جـا ئەوە هەسـتێکە بەس مـن لێـی تێـئەگەم ئەزانـم تەنانەت عەزابی مەعشـوق چێـژی هەیە، ئـا توخـوا بـڕێ لەو شـیعرانەی تـر کە هەیە ئەگەر لەبەرتە بێژی، وەڵا شیعر زۆر خۆشە ڕێـك ئەڵێـی قسـەی دڵـتە و شـاعیرەکە هۆنیویەتیەوە، بەس ئەم شیعری دەرویێش و شتە ئەوە ناخۆشە ناتوانی بۆخۆت بەکـاری بێنی و بینێری بۆ ئەملا و لا چـونکە نـاوی شـێخەکەی تیـایە کـابرا بـۆ شـێخەکەی نوسیوە (بە پێکەنینەوە).

من:وەڵا ڕێك یا بۆ شێخ نوسراوە یا بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) یان بۆ خوا نوسراوە.

هەر لەکاتی ئەم قسەکردنەی من وعەلی، نەفەرێکی ئەولای ئێمە، کە بە سەر و سیما ئیسلامی دیاربوو، وتی بەخوا مامۆستا ئەم عیرفان و گیرفان و خورافیاتە لە دینا نییە.

من: عیرفان و گیرفان چییە؟

نەفەرەکە: کورە مامۆستا سەریان لە خۆیان و خەڵکیش تێکداوە ئاخر لەکوێی دینا هاتووە تۆ حاڵ لێ بێ و سەر بدەی بە

دیـاوارا و دار و بەرد بخـۆی ئەمە کەی لە دینا هاتووە؟

مناقەشەکردن لەگەڵ نەفەرەکەم بە پێویست نەزانی بۆئەوەی زوو بیبـڕمەوە وتـم بەخـوا هەنێکی زیادکراوە و هەنێکـی وەك خـۆی نەگەشـتووە، قسـەکەی تـۆیش تەواو، بـۆ ئەوەی بیبڕێتەوە.

ئەو هەر بەردەوام بوو زۆر دڵ پڕ دیاربوو، وتی بەخوا ئیتر ئاوایە کورە بەخوا ڕاسـتیان وتووە ئەڵێن شێخ با نەمرێ بۆ دین زەرەرە با دەروێش بمرێ حەوت پشتی کەرە.

لەگەڵ عەلــی تــاوێ بێــدەنگ بــووین تــا گەشتینە ناو پێنجوین.

گەشــتینە پێنجــوێن و مەلا هێمنمــان بینــی، ئەویش برادەری سـەردەمی زانکۆمـان بـوو لە پێنجوێن ببو بە مامۆستا و لەناو پێنجوێن لە داخلی ئەمایەوە، هـێمن چـونکە لە ئـێمە زیاتر هـاتوچۆی مزگەوتـی هەبـوو و جـار جار حەدیسی بـۆ ئەخوێنـدینۆ لە زانکـۆ بە مەلا هێمن ناوی دەرکردبوو.

ئەویش لە زانکۆ هەر لە بەشی خۆمان بوو، مـن و عەلـی و هـێمن زۆر تـێکەڵ بـووین بەسەرهات و قسە و دەمەتەقێمـان زۆربـوو، هێمنیش هەر وەك من تازە ببوو بە مامۆستا

ئەو لەنـاو پێنجـوێن بـوو، خێـرا خـولکی کردین وتی وەرنەوە ئەچین بۆ داخلیەکەی ئـێمە و ئەمـڕۆ کەس نەهـاتۆتەوە سـبەینێ برادەرەکانم یەنەوە، ئەمشەو بەیادی زانکـۆ و داخلیەوە دەمەتەقێ ئەکەین.

وتمان زۆر باشە با بڕۆین...

لەگەڵ مەلا هـێمن، بەبـێ ئەوەی برسـیمان بێ لەخۆمانەوە خۆمان کـرد بە دوکـانێکی لەفەیا و یەکی لەفەیکمان خوارد.

کەوتینەڕێ و لە دوکانێك کـۆڵێ جبس و ســــــاردی و پســــــکیت و چەرەس و خواردنمــــــان کــــڕێ و چـــوینەوە بـــۆ

داخلیەکەی هێمن، کە داخلیەکەیان لەناو مەکتەبەکەیانا بوو، ئێوارە چێشتمان لێنا و نانمان خوارد و دوای نوێژی عیشا دەسمان کرد بە دەمەتەقێ، و مەلا هێمن وتی شێخە بەتەمای عەلی بکەی بە دەروێش؟

من: عەلی کوڕی چاکە خۆی دەروێشە ئەو لەو شتانە تێئەگا وەك تۆ نییە(بە پێکەنینەوە).

مەلا هێمن: عەلی برا بەوخوا نوێژ و ڕۆژووی خۆو بکە و گوێ بۆ کەس مەگرە هەرکەسێ هەڵەسێ لەباری خۆیەوە قسە لەسەر دین ئەکا.

عەلی: باوکم بەخوا تۆیش ڕاستەکەی هەمووی خۆی بە ڕاست ئەزانی، ئا تۆ شێخە پێم بڵێ بۆ لەناو پاسەکەیا جوابی ئەو پیاوەت نەدایەوە یەکسەر وتت ڕاستەکەی؟

من: جوابی چی چی مەجبوری ئەوەم لەخۆمۆ مناقەشە دامەزرێنم لەگەڵ یەکێکا کە نایناسم، ئێمە خۆمانەین و بەتاڵین بۆیە لە هەموو شتێ قسە ئەکەین (بەپێکەنینەوە).

بەس دیقەتی قسەکەی ئەو پیاوە بدە، لە دینەکەی من و تۆیا هەیە، کە حەقی خوا ئەگەری لێخۆشبوونی هەیە، بەس حەق ناس، واتە حەقی خەڵکی لێخۆشبوونی

نییە، ئیلا ئەبێ کەسەکە قسەت پێ وتـووە گەردنـت ئـازا بکـات، جـا ئەو بەو قسـەی قسـەی بە حەوت پشـتی دەروێشـەکان دا، ئەگەر حسـابکەین تـۆ مەبەسـت دوو دەروێشـیش بوبێـت، ئەگەر گریمـان دەروێشەکان خۆشیان کـافر بـن، بەس تـۆ قسەت بە حەوت پشتی ئەوان وتـووە، واتە تۆ ئێستا حەقی حەوت کەسـت لایە، ئەبـێ یا گەردنت ئازا بـکەن، یـا حەقەکەیـان بـۆ بگێـڕیتەوە، تەبـعەن ئێسـتا زۆربەشـیان مردوون، کەواتە چۆن گەردنی خۆتیان پێ ئـازا ئەکەیـت؟! بەبـێ هۆکـار بەهـۆی

تورڕەیت بە دوو دێڕ قسە تاوانی حەوت کەست خستە سەر شانی خۆت.

وەکو چێشتی مجەور هەرچی مەسەلەبوو ئەمان ترشان بەسەر یەکا هەر لە باسی یادگاری زانکۆ و داخلی و باسی ڕۆژگار و وەکو ئەڵێ بەس بۆ ئەوەی دەممان نەوەستێ هەرچی مەسەلە هەبوو دەنوکێکمان لێ ئەدا و شتێکمان لەسەر باس ئەکرد، ئیتر باسەکە بوو بە باسی شیعرە عیرفانیەکان.

هێمنیش تا ڕادەیەك لە عەشق تێوەگلابوو، عادەتەن وەك هەر تەلەبەیەکی تر کۆمەڵێ بەسەرهات و یادگاری هەبوو، بەڵام

ئەویش بەهۆی زۆر مولتەزیمی بە دینەوە و شەرمنی نەیتوانیبوو هەستی خۆی دەربڕێت.

دەمەتەقێکەمان دەستی پێکردەوە، ئەمجارە بە سێ قۆڵی، هێمنیش هیچ بۆچونی لەگەڵ دەرویێشی و ئەو شتانە یەکی نەئەگرتەوە.

من: عەلی جارێ پێش ئەوەی بچینە باسی شیعر و شتەکان با لە مەسەلەی عەشقەکەوە مەلا هێمنیش شتێ بڵێ...

مەلا هێمن: ڕۆژێ حەزم بە بەشی نەوت بوو چونکە هاوڕێ کورەکەم کە لە منالّیەوە بەیەکەوەین و خۆشمەویست

حەزی بەوێ بوو، ڕۆژێ هەوڵی فێربـوونی شیکاری نەخۆشیەکانم ئەدا چونکە سۆزیار حەزی لەو بەشـە بـوو، ڕۆژێ خـووم دایە فەلسـەفە و کتێـب لەبەر شـیراز کە کتێبـی زەردەشـتی ئەخوێنـدەوە، کۆتـا جـار خـۆم فێری وێنەکێشان کرد لەبەر هەوار چـونکە ئەو زۆر حەزی بە وێنەکێشان بـوو، ڕۆژێ حەزم ئەکرد ببمە دکتـۆر و بەدوای خـولە پزیشـکیەکاندا ئەگەڕام لەبەر ئەوەی دالیـا دکتـــۆری ددان بــــوو، ڕۆژێ هەوڵـــــی فێربـــــــوونی ئینگلیــــــــزیم ئەدا، لەبەر خوێندکارێکی خۆم کە مەرحەلە دوو بوو، ئەوکات من موعیـد بـووم لە زانکـۆ تەنهـا

یەك هەفتە دەوامم ئەکرد، هەر ماوەیەك و لەبەر عەشقی کەسێك هەوڵمەدا ئەوە بکەم کە ئەو کەسە لەو بوارەدایە تا بەهۆی ئەو شتەوە پەیوەندی لەگەڵ دروستکەم.

باشە خۆ خوای گەورە پێویستی بە هیچ لەم ناوەندانە نییە، بە ئاسانی ئەتوانین پەیوەندی لەگەڵ دروستکەین، ئەی ئەگەر ڕاستکەین خوامان بەڕاستی خۆشبوێ بۆ هەوڵمان بۆ نەداوە؟!

لەکۆتایدا بۆمدەرکەوت عیشق لە عیلم کاریگەرترە، ئەو کەسەی کە خۆشتەوێ ناتوانی بە عیلم پەلکێشی بکەیت، بەڵام ئەو ئەتوانێ بێ هیچ شتێك تەنها بە عێشق

تۆ پەلکێش بکا، عیشق پێویستی بە بڕوانامە و خوێندن و فێربوون نییە، بڵێسەیەکە بەبێ ئەوەی هەست پێ بکەی ئەگاتە ڕادەیەك ئەتسوتێنێت.

ئەگەر بتوانین ئەو عەشقەی بۆ مەخلوقمان هەیە بۆ خالقمان هەبێ، چی ڕوو ئەدات، زاتێك کە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکا هەیە.

من و عەلی دانیشتبووین بەبێ دەنگی گوێمان بۆ مەلا هێمن ئەگرت، قسەکانی زۆر بە جددی لە ناخیەوە ئەهاتە دەرەوە، بێتاقەتیەکیشی پێوە دیاربوو، هەرچەن خۆی موسەیتەر پیشان ئەدا.

سەیرێکی عەلیم کرد، وتـم سـەیرکە چەن جوان بۆی ڕونکردیتەوە عەشقی خوا چییە.

عەلـــی: بەوخـــوا مەلا خـــراپ لە عەشـــق تێوەگلیابووی، بەس تۆ پێم بڵـێ حەزت لە کوڕیش کردبوو (بەپێکەنینەوە).

مەلا هێمن: هههه نێرەکەر مەبەستم ئەوەیە لە منداڵیەوە ڕەفیق بووین خۆشمەویست نەك حەزی لێکەم ئەوە تۆ بـۆ قەت نـابیتە بنیـام لە قسەی قۆڕ ناکەوی.

من: جـا تـۆ واز لە عەشـقەکەی مەلا بێـنە، لەم تەسەوفەدا شتێك هەیە کە زۆر گرنگی

پێ ئەدرێ ئەویش نەفس و پـاککردنەوەی دەروون و کۆنترۆڵکردنیەتی.

عەلی: ئەمەیان چییە و چۆنە؟

من: نەفس ئەوەی ناخمانە کە جگە خۆمان و خـوا کەس نـاییبینێ، بەڵام هەنـێ جـار خـۆی دەرەخـات، خـۆ ئەگەر وەکـو ڕووکەشەکەمان ببینرایە زۆربەمان لەڕوومان نەئەهات بێینە دەرەوە و بچینـە سـەر ئـیش، ئەم نەفسە بە تێپەڕبوونی کات توشی عەیبە و پەڵە ئەبێت، ئەگەر زوو فریای نەکەویـن پەڵەکـان لامـان ئاسـایی ئەبێـتەوە و وردە وردە سەرئەکێشێ بۆ گوناح.

جا زۆر ئاسانە ئەگەر پەڵەیەکی کەم زاڵ بین بەسەریا و چارەسەری بکەین، بەڵام ئەگەر ئەو پەڵي بوو بە دوان و سیان و دە و سەدان پەڵە ئەوکاتە لە کۆنترۆڵ دەرەچێت و چارەسەری زەحمەت و ئەو زاڵەبێ بەسەرتا.

ئەزانی وەکو چی وایە، تۆ کاتێك چاکەت و پانتۆڵێك لەبەردایە و پاك و تەمیز و ڕێك وەستاوە، ناهێڵی پەڵەیەکی بەرکەوێت یا تەنانەت نوقتەیەکی لەسەر دروستبێت، چونکە ئەو پەڵە بەو چاکەت و پانتۆڵە نامۆیە و تەواو دیارە و ناشرینی دەکات، ئەتوانیت بە ئاسانی یەکسەر پەڵەکە

لابدەیت، بەڵام کاتێك پەڵەکە بوو بە دوو و سێ و دە و پانزە، ئەوکات بەزەحمەت پاك ئەبێتەوە، وەکو جلی ئیشی لێیەت، سەیرکە کرێکار کە ئەچێتە سەر ئیش جلێکی پیس و چڵکن لەبەرەکات چونکە گوێ ناداتێ چەنێ تر پیس بێت، لەبەر ئەوەی لەوەی بێ ئومێد بووە، کە پاك ببێتەوە، بۆیە پیسی جلەکەی لا ئاسایی بۆتەوە، جا ئێمەش تا پەڵەیەك و دوو پەڵە توشی نەفسمان بێت، ئەتوانین بە ئاسانی چارەسەری بکەین و نەهێڵین سەربکێشی بۆ زیاتر و زاڵ بێت بەسەرماندا.

بـــابەتی نەفـــس ئەوەنـــدە گـــرنگە کە لە قورئانـــــدا ٢٩٦ جـــار بە ڕاســـــتەوخۆ و ناڕاستەوخۆ باسکراوە، بۆیە حەقی خۆیەتی گرنگـــی پـــێ بـــدەین و بـــزانین چـــی کەموکـــورتیەکی تیـــایە چـــاکی بکەیـــن، لەوانەیە ئـێمە تاوانێکمـان لا بچـوك بێـت، بەڵام هەر ئەو تـاوانە کـاتێ نەفـس حەزی پێکرد هەر ئەوەنەی پێی ئاڵودە بـووی ئیتـر ڕەگ دائەکوتێ و سەرئەکێشێ بـۆ تـاوانی گەورەتر، بۆیە ئەوەی کە زۆر گرنگە و لە تەســەوفدا هەیە ئەوەیە کە نەهێڵــین تــاوان ڕەگ داکــوتێ، هــیچ تاوانێــك بە بچــوك نەزانین.

لای ئـێمه ئەو قسـه بـاوه کـاتێ بە یەکێـك ئەڵێی فلانە شت گوناحە ئەڵێ "گوناحمـان هەر ئەوەبێت قەینـا"، تـۆ دیقەتـی ئەو قسـە بدە، یەکەم وا ئەزانێ کە گونـاحی بچـوك کێشـــەی نیـــیە، کە ئەمە هەڵەیە، زۆربەی کـات گونـاحی بچـوکە سەرەکێشـێ بـۆ گونـاحی گەورەتـر، دووەم، قسـەکردنەکە ئەیسـەلمێنێ کە گونـاحی لەوە گەورەتـر هەیە و کـــراوە، ئەوەش کێشـــەیە واتە لە نێـوان گونـاحی گەورە و بچـوك گونـاحی بچـوك پـێ باشـترە، بەڵام لە تەسـەوفدا ئەو پێ باشترە نامێنێت.

له تەسەوفدا کاتێك تەوبەت کرد و خۆت یەکلایی کردەوە بۆ خوا، ئیتر تەنانەت نابێ بهێڵی بیر لە گوناحیش بکەیتەوە، ئێستا لەوانەیە بیستبێتتان بەشێك لە مەلاکان و کەسە ئاینییەکان ئەڵێن گوناح ئەگەر بە کردار ئەنجامت نەدا تاوانت بۆ نانوسرێ، بۆ نمونە تۆ ئەتەوێت دزیەك بکەیت، ئەگەر ئەم دزییە تەنها بیرت لێ کردبێتەوە و ئەنجامت نەدابێ گوناحت بۆ نانوسرێت، بەڵام لە تەسەوفدا وانییە، لە تەسەوفدا ناکرێ بیر لە گوناحەکەش بکەیتەوە، چونکە بیرکردنەوەکە ئەبێتە هۆی دووبارەبوونەوەی ئەو بیرکردنەوە، وردە

ورده ئەم بیرکـــردنەوە لەنـــاو دڵ جێگیـــر ئەبێـت و ئەبێـت بە خـاڵێکی ڕەش لەسـەر دڵ، ئەوکات ئیشی شەیتان ئاسان دەکەیت و تەنهـــا هەڵێکـــت بـــۆ ڕێکەوێـــت بیرکردنەوەکەت ئەکەیتە کردار و تاوانـاکە ئەنجام دەدەیت، بـۆیە ئەوەی لە تەسـەوفدا زۆر کاری لەسەر ئەکرێ ئەوەیە کە دڵ و نەفسـمان وا پەروەردە بکەیـن تەنهـا بیـر لە خوا بکاتەوە و سەر ئەوەی نەپەرەژێ بیری بۆ گوناح بچێت.

دیقەت بـدەن لە قورئانیشـدا ئەو تاوانـانەی پەیوەندی بە نەفس و حەزەوە هەیە، خوای گەورە نەیفەرمـــووە (مەیـــکەن)، بەڵکـــو

ئەفەرمـــــوێ (نزیکـــــی مەکەون)، واتە نزیکبوونەوەکەشی ڕێخۆشکەرە بۆ گوناح، سەیرکەن بۆ نموونە لە ئـایەتی **٣٢** سـورەتی الإســراء ئەفەرمـوێ ﴿وَلَا تَقْرَبُـوا الزِّنَـا﴾، واتە: نزیکی زینـا مەکەون، نـزیککەوتنەوە چییە؟ بۆ نموونە ئێسـتا هەمووومـان موبایلمـان پێـــیە، لە فەیســبووك ســەیری پۆســتەکان ئەکەیـن لەپـڕ ڕەسـمێکی تـۆزێ خیلاعـی دێـتە پـێش چـاوت، ئەم ڕەسـمە کە دێـتە پێش چاوت، یەکەمجـار کە بەبـێ ویسـتی خۆت بووە، گوناحی لەسەر نییە، بەڵام کە گەڕایتەوە سەر ڕەسمەکە گوناحی نەزەرت بۆ ئەنوسـرێ، جارێـك و دوو جـار و سـێ

جار کە گەڕایتەوە سەر ڕەسمەکە ئەبێتە گوناح، تا وات لێیەت ئالودەی گوناحەکە ئەبیت و لات ئاسایی ئەبێتەوە، وەك ئەم سەردەمە، ئەڵێی هەموو کەس سەیری ئەکا کەواتە ئاساییە، بەڵام لە ڕاستییا ئاساییبوونەوەکە لای تۆ هی ئەوەیە کە یەکەمجار نەوتوانیوە بەسەر نەفستا زاڵ بیت و ئەو بەسەر تۆیا زاڵ بووە، ئەمە نزیکبوونەوەیە لە زینا، چۆن؟

کاتێ تۆ ئالودەبووی بەو نەزەرەوە، وات لێیە هەوڵ ئەدەیت لەو ڕەسمەوە بگەڕێی بەشوێن ڕەسمێکی تر و زیاتر خیلاعی تر،

دواتر بۆ ڤیـدیۆیەك و دواتـر بـۆ لایڤێـك و دواتر....

ئەوكاتەی ڕەسمەكە هاتە سەر موبایلەكەت تەنها گوناحێكی بچوك بوو، بەڵام لەوكـاتە نەوتــوانی كــۆنترۆڵی بكەیــت، ئەو تــۆ كۆنترۆڵ ئەكا و ئەتبا بۆ گوناحی گەورەتر و لەپێشچاوت بە ئاسایی دەری ئەخات.

لە ئــایەتێكی تــر خــوای گەورە بە ئــادەم ئەفەرمــوێ (ولا تقربــا هــذه الشــجرة) واتە: نزیكی ئەو دارە مەكەون.

سـەیركەن چـونكە نزیكبـوونەوە لە دارەكە بـۆ مەبەسـتی خـواردن بـووە، خـواردنیش

شـتێکە نەفـس داوای ئەکـا، لێرەشـدا کە تاوانەکە بەهۆی نەفسەوە ئەنجام دەدرێت، خـــوای گەورە فەرمـــویەتی (نزیکـــی مەکەون)، چـــونکە لێرەشـــدا دیســـان نزیککەوتنەوە ڕێخۆشکەربووە بۆ خـواردن و ڕازیکردنی نەفس.

چەندین ئایەتی تـر هەیە، کە باسـی تـاوان ئەکات هۆشداریمان پێ ئەدات کە نزیکی نەکەویـــن، چـــونکە نـــزیککەوتن بـــۆ ڕازیکردنـی نەفسـە، لەکاتێکـا ئـێمە ئەبێـت هەمـوو کـات دژایەتـی نەفسـمان بکەیـن، چونکە نەفس زۆرینەی کات بەدوای حەز و ویستی نادروستەوەیە.

نەفسمان چەنێك بمانەوێ بیشارینەوە، هەندێ جار خۆی دەرەخات و وەك ئەڵێن ناخ و ڕووی ڕاستی کەسەکە پیشان ئەدات، بۆ نمونە کاتی توڕەبوون، کاتی خەوبینین.

سەیرکەن بۆ ئەوەی ئەگەر نەفسمان توشی تاوانیش بووبێت تاوانەکەمان ئاشکرا نەکەین و خوا بۆی پۆشیوین، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) کاتێك یەکێك دێت بۆلای پێی ئەڵێ، ئامۆژگاریم بکە، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) پێی ئەفەرموێت (لا تغضب) واتە: تورە

مەبە، چونکە لەکاتی تورەیدا نەفس خۆی ئاشکرا دەکات.

کاتێکی تر کاتی خەوبینینە، ئەمە لەڕووی زانستی دەرونشیکاریشەوە سەلمێنراوە، نەفس زۆرینەی کات بەشوێن تێرکردنی حەز و ویستەوەیە، زۆربەی کاتیش حەز و ویستی نادروستە مەگەر لەکاتێکدا بە تەواوی پەروەردەت کردبێت کە حەزی دروستی هەبێت، کاتێك لە ڕۆژدا نەفست ئەگریتەوە لە کۆمەڵێ حەز و هەوا و ئارەزوو، کاتێ ئەچیتە خەو، لە خەودا خەو بەو حەزەتەوە ئەبینی کە لە ڕۆژدا نەوتوانیوە پێی بگەیت.

له قورئاندا زیاتر به سێ بەش باسی نەفس کراوە.

1. نەفسی موطمەئینه
2. نەفسی لەوامه
3. نەفسی ئەماره

نەفسی موطمەئینه، نەفسێکی پاکه و تەواو خۆی گرتۆتەوه له حەز و ویسته نادروستەکانی و خۆی له خۆشیەکانی دنیا دابڕیوه و خۆی بۆ خوا یەکلای کردۆتەوه، خوای گەوره له باسی ئەم نەفسه له ئایەتی ٢٧و٢٨ی سورەتی فەجر ئەفەرموێ (يَا أَيَّتُهَا النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ (٢٧) ارْجِعِي إِلَى رَبِّكِ رَاضِيَةً (٢٨)) واته: ئەی خاوەنی دڵ و دەرونی

پــــڕ له ئـــارامی، بگەڕێـــرەوە بـــۆ لای پەروەردگـــارت کە تـــۆ لەو ڕازیـــت و ئەویش لە تۆ ڕازییە.

نەفســی لەوامە، جـۆرێکی تـری نەفسـە کە زۆریـنەی موسـوڵمانان خـاوەنی ئەم جـۆرە نەفســەن، لەوامە نــاوەکەی لەوەوە هــاتووە واتە لــۆمەی خــۆی ئەکــا و سەرزەنشــتی خــۆی ئەکــا لەســەر هەڵە، هەڵە ئەنجــام ئەدات، بەڵام پەشــــــیمان ئەبێــــــتەوە لە هەڵەکەی و خـۆی بە گوناحبـار ئەزانـێ و هەوڵــی چــاککردنی خــۆی دەدات، ئەم نەفســە لای خـوایش نەفسـێکی پەسـەندە، هەتـا خـوا لە قورئانـدا سـوێتی بەم نەفسـە

خـواردوە، لە سـورەتی قیـامەت، ئـایەتی ٢ دەفەرمویَ (ولا اقسم بالنفس اللـوامە) واتە: سوێن بە نەفسـی سەرزەنشـتکار و ویژدانـی زیندوو کە لۆمەی خۆی دەکات.

نەفسی ئەمـارە، جۆرێکی تـری نەفسـە کە ئەم نەفسە خراپترین جۆری نەفسە، چـونکە نەفسـێکە تەنهـا ئەمـر بە خـراپە و حەز و شەڕەنگێزی ئەکـات، لە قورئانـدا لە باسـی ئەم نەفسە لە سـورەتی یوسـف ئـایەتی ٥٣ خـــوای گەورە لەســـەر زمـــانی زولەیخـــا دەگێـڕێتەوە و دەفەرمـویَ (ومـا أبـرئ نفســي إن النفس لأمارة بالسوء إلا ما رحم ربي إن ربـي غفـور رحـيم) واتە: منـیش نەفسـی خـۆم بەری نـاکەم،

چونکه بەڕاستی نەفـس زۆر فەرمانـدەرە بە گوناه و هەڵە و تاوان، مەگەر نەفسێك کە پەروەردگـــارم میهرەبـــانی پێکردبێـــت، بەڕاســـتی پەروەردگـــارم لێخۆشـــبوو و میهرەبانە.

دەربـــارەی ئەم نەفســـە مەحـــوی لە دێـــڕە شیعرێکدا ئەڵێ

ئەسیر و سەیدی قەیدی کەید و شەیدی نەفسی ئەممارەم.
لەدەست ئەم مارە بەدچارە، چیە چارەم، خودا چارەم!

جـــا قســـەکە لەســـەر ئەوەیە ئـــێمە ئەگەر نەتوانین نەفسمان بکەینە جۆری یەکەم کە نەفسی موطمەئینەیە، لانیکەم با بیپارێزین و نەهێڵین ببێتە نەفسی ئەمـارە، کـۆمەڵێ هەڵە

و پەڵە و عەیـــب و عـــار هەیە، نەهێڵـــین توشـــی نەفســـمان ببێـــت، ئەگەر توشـــیش بـــــووین، زوو کـــــۆنترۆڵی بکەیـــــن و چارەسەری بکەیـن، بەو شـێوە پەروەردەی بکەین کە خوا و پێغەمبەر (درودی خـوای لەسەر بێت) ئەیانەوێت.

عەیبەکانی نەفس زۆرن، بەڵام کۆمەڵێکیـان کە لەوانەیە لە هەموومانا هەبێت و تا ئێسـتا پێمان ئاسایی بووە ئەمانەن:

1. زوو ڕووخان لەکاتی ناخۆشی
2. حەزکردن بە خراپەی خەڵك
3. گرنگـــــــــی بە ڕووکەش و ئیهمالکردنی ناخ

4. تەمەڵی لە عیبادەتدا
5. زۆر وتن
6. حەزکــردن لە دەستخۆشــی و ڕەخنە قبوڵنەکردن
7. خۆهەڵقورتانــدن لە کــاری خەڵك
8. زۆر گوناهـــــ کـــــردن و بەردەوامی لەسەر گوناهـ
9. حەزکردن بە غەیبەت
10. ئەنجامدانی تاوان بە نهێنی
11. لەزەت نەکردن لە عیبادەت

لە یەکەمەوە دەســـپێبکەین خەڵـــك هەیە لەکاتێکا کە ناخۆشیەکی بچوك ڕووی تـێ ئەکـــا، زوو ئەڕوخــێ و دەس ئەکـــا بە ناشوکری، ئەمە ئەگەر ببێتە خوو لەگەڵیا و

لەگەڵ هەر ناخۆشیەکا زوو ئیرادەی بشکێ و بڕوخێ ئەبێتە پەڵە لەسەر نەفسی و ئەبێتە هـــۆی ئەوەی لەبـــری سوپاســـگوزاری ناشوکری زیاتر بکا.

دووم ئەوەیە کە حەز بە خــراپەی خەڵــك بکەیت، لەوانەیە ئێمە وا نەبین کە حەتمەن ئەویـش فەزڵـی خـوایە، بەڵام خەڵـك هەیە حەز بە خراپەی خەڵك ئەکات بەبێ هۆ.

سێیەم ئەمەیە کە زۆربەمان هەمانە، ئەویـش ئەوەیە کە ناخمـــان ئیهمـــال کـــردووە و گرنگـــی بە ڕووکەش دەدەیـــن، ڕاســـتە ڕووکەشیش گرنگە، بەڵام نـاخیش ئەبێـت گرنگی پێ بدەین.

ڕۆژێ لە داخلی دانیشتبووین دەمەتەقێمان ئەکرد، برادەرێکمان وتی باشە ئێمە بەیانیان پێش ئەوەی بچین بۆ زانکۆ خۆمان ڕێکەخەین و جلی جوان لەبەرەکەین و قژمان جوان دائەهێنین و خۆمان ئەدەین لە تەل، ئینجا ئەچینە بەر ئاوێنە و سەیری خۆمان ئەکەین، باشە ئەگەر ڕۆژێك ئاوێنەکە لەبری ڕووکەشەکەمان ناخی پیشان بداینایە، لەڕوومان ئەهات بچین بۆ زانکۆ؟!

بەجددی پرسیارەکەی زۆر جوان بوو، ئەوەی کە بیری لێ ئەکەینەوە و لەناخمانایە ئەگەر وەکو جل و

بەرگەکەمان خەڵك ببینیێ، ئەتوانین بچینە دەرەوە؟! ئەی باشە خۆ خوا ئەوە ئەبینیێ کە لەناو ناخمانایە، بۆچی شەرم لە خەڵك ئەکەین، بەڵام شەرم لە خوا ناکەین؟! شەرمکردن ئەوەیە ناخمان بەجۆرێك پەروەردە بکەین کە ڕوومان بێت سبەی بچینەوە بەردەم خوا.

چوارەم تەمەڵی لە عیبادەتدا، ئەمەش لە زۆربەمانا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە عیبادەتەکان بە فەرز و سونەتەوە زۆر بە تەمەڵی ئەکەین، نە دڵ تیا ئامادەیە نە حەزمان بۆی هەیە.

پێــنجەم ئەمە زۆر کێشــەیە ئەویــش زۆر وتنە، کە لە هەمـوو بوارێکـا قسـە ئەکەیـن هەنێ جار هیچیش لەو بـوارە نـازانین، ئـێ کە لێی نـازانین بـا جێـی بێڵـین بـۆ کەسـی خۆی.

لە زۆر وتنا هەندێ جار قسەیەك ئەکرێ نە خێـری تیـا نیـیە نە سـودی هەیە، بەڵکـو خـــراپەی زیـــاترە، هەر بـــۆیە پێغەمـــبەر (درودی خوای لەسـەر بێـت) دەفەرموێـت (من كان یومن ....) واتە:

شەشـــەم لە منـــاڵێکەوە تـــا کەســـایەتییە سیاسیەکان ئەم کێشەمان هەیە، حەزمـان بە پیاهەڵــدان و دەستخۆشــییە، بەس ڕەخــنە

قبـوڵ نـاکەین، ئەوەنـدە خۆمـان بە گەورە ئەزانـــین وا ئەزانـــین کە ئیتـــر هـــیچ هەڵەیەکمان نییە، سەیری کەسە سیاسیەکان بکە ئەوانەی لە دەوریانن تا دەستخۆشـی و ستایشـــیان ئەکەن بە قارەمـــان و زیـــرەك ناویـان ئەبەن، بەڵام کە ڕەخنەیەکیـان لــێ گـرتن یەکسـەر تـۆمەتی جاسوسـی ئەدەنە پاڵیان.

ئـــێمە لە دەورەیەك بـــووین، کاتێـــك سـیمینارمان پێشـکەش ئەکـرد، ڕاهێـنەرەکە ئەیـــوت ئینجـــا بـــا گـــوێ بگـــرین بـــۆ بەشـــداربووەکان بـــزانین چـــی هەڵەیەك لە سیمینارەکەدا بوو پێمـان بڵـێن، بەمە ئەڵێـین

خەڵات، واتە ڕەخنەکانیان وەك خەڵات لێ وەرەگـرین، خـۆی ئەمە ڕاسـتییەکەیە، نەك ئەوەی ڕەخنەمـــان لـــێ بگرێـــت بڵێـــین جاسوسە.

حەوتەم خۆهەڵقورتاندن لە ئیشـی خەڵکـی ئەمەش زۆرێکمان توشی بووین، سەیرکەن لە هەر لە مزگەوتەکـــان ئەچیـــتە ژوورەوە نوســــراوە (دەســــکاری ســــپلیت مەکەن) دەســــکاری فــــلان شــــت مەکەن، ئەوەی پەیوەندی بە تۆوە نییە تەداخولی مەکە.

هەشتەم زۆر زۆر گرنگە ئاگامان لێی بێـت ئەمە موشـــــکیلەیە، زۆر گونـــــاهکردن و بەردەوامـــی لەســـەر گوناهـــ وەك پێشـــتر

باسمان کرد، گوناهێکی وەك نەزەر، یەکەمجار کە بەبێ ویستی خۆت توشی بووی، بە گوناه نانوسرێت، بەڵام دواتر کە بە ویستی خۆت نەزەرەکەت دوبارە کردەوە، ئیتر گوناه لێرەوە دەسپێدەکات، تا ئێرەش هەر گوناهە، بەڵام کە بووە هۆی بەردەوامی وای لێیەت گوناه بە گەناه نابینیت، ئەوە گەورەترین کێشەیە.

نۆیەم حەزکردن بە غەیبەتە، ئەمەش عەیبەیەکی تری نەفسە،* کە حەز بەوە ئەکەین یەکێ لە مەجلیسا نەبێ و غەیبەتی بکەین، غەیبەت کردن وەکو ئەوە وایە کە گۆشتی براکەت بە مردوی بخۆی،

سـەیرکەن چـی شـوبهاندنێك کـراوە، چ تاوانێکی گەورەیە، جـگە لە سزاکەی ئەو دنیـــای کە بەهـــیچ جۆرێـــك حەقـــی کەسەکەت لەسەر لاناچێ ئیلا بە کۆمەڵێك شت نەبـێ ئەویـش ئەگـونجێ لابچـێ نەك سەد لە سەد بڵێین لادەچێت.

سـەرەتا بـزانین غەیـبەت و بوختـان چیـیە؟ غەیبەت باسکردنی کەسێکە کە خـۆی لەو شوێنە نیـیە، واتە غـایبە، بەڵام ئەو باسـانەی کە دەیکەیـن لە کەسـەکەدا بـوونی هەیە، ئەمە غەیـــبەتە، بەڵام بوختـــان واتە دیســـان باســـکردنی کەســـێکە، کە ئەو باســـانەی دەیکەین لە کەسەکەدا بوونی نیـیە و بـۆی

دروستەکەین، کە ئەمەیان زۆر زۆر گوناحە و یەکێکە لەو تاوانانەی کە ڕێگرە لە قبوڵبوونی دوعا.

خوای گەورە بە تەوبە کردن و بەڕاستی گەڕانەوە، لە حەقی خۆی خۆشەبێ، بەڵام هەزار تەوبە و خێر و چاکە حەقی کەست بۆ ناسڕێتەوە، ئیلا ئەبێ کەسەکە کە حەقی لەلاتە، لە حەقەکەی خۆی خۆشبێت، بۆ نمونە ئێمە غەیبەتی کەسێك ئەکەین، هەزار ساڵ شەونوێژیش بکەین، ئیلا ئەبێ ئەو کەسەی غەیبەتمان کردووە لە حەقەکەی خۆشبێت، ئینجا تاوانەکەت ئەسڕێتەوە.

هەرچەنە بەشـــێك لە زانایـــان ڕایـــان وایە ئەگەر لەڕووت نەهـات یـان نەوتـوانی بە کەسەکە بڵێی غەیـبەتم کـردووی گەردنـم ئازاکە چەند ڕێگـایەك هەیە بـۆ کەفارەتی غەیبەتەکە ئەویش بەم جۆرە:

یەك/ ئەبێ لە دڵەوە پەشیمانبیتەوە لەو تاوانە و بڕیار بدەیت کە نەچیتەوە سەر تاوانەکە.

دوو/ ئەگەر ئەزانیـــت بە کەســەکەت وت غەیبەتم کردووی یا باسم کردووی، زیـاتر ناکۆکیتـان بـۆ دروســتەبێ و ئەبێـتە هـۆی زیـاتر دروســتبوونی ڕق و کیـنە، ئەتـوانی لەبری ئەوە بەبێ ئاگـاداری خـۆی دوعـای لێخۆشبوونی بۆ بکەی.

سێ/ لەو مەجلیسانەی کە بە خـراپ باسـی کەسـەکەت کـردووە، بە چـاکە باسـی بکەیـتەوە و لایەنە باشـەکانی زیـاتر بـاس بکەیت.

لە داخلی دانیشتبووین برادەرێکمان هەبـوو بە ئاسانی هەست پێ ئەکـرد کە زاڵ بـووە بەسەر ئەم خاڵەدا، لە مەجلیسمانا دائەنیشت و دەمەتەقێمـان ئەکـرد، کاتێـك باسـەکە ئەبـوو بە قسـەکردن لەسـەر کەسێك کە خـۆی لەنـاو مەجلیسـەکەیا نیـیە، ڕێـك هەڵەستا ئەڕۆیشتە دەرەوە.

دەیەم ئەنجامدانی تـاوان بە نهێنـی، ئەمەش کێشەیەکی ترە، کە زۆرجار کەسەکە نوێژ

و ڕۆژووی سونەتیشـــــی هەیە، تەنـــانەت شــەونوێژیش ئەکـا، بەڵام لەوکـاتەی کە بەتەنهایە خەریکـی ئەنجامـدانی تـاوانە سـا ئیتر تاوانەکە بە موبایل بێـت یـا گـوێگرتن لە قسە و باسێك بێت.

یانزەیەم لەزەت نەکردن لە عیبادەت، وەکو پێشـتر باسـمان کـرد، نـوێژ بە نمـونە کە عیبادەتێکە و قسـەکردنە لەگەڵ خـوا، کەم لە ئێمە لەزەتـی لـێ ئەبینـین چـونکە تەنهـا وەك ئەرکێك سەیری ئەکەیـن و ئەنجـامی ئەدەیـن نـازانین نـاوەڕۆك و گـرنگیەکەی چییە.

جا تەسەوف ڕێك لەسەر ئەوە ئیشەکات کە ئەو خاڵانە و چەندین خاڵی تر کە ناخی ئینسان مەشخوڵی گوناح ئەکەن، چارەسەریان دەکات و ڕێگری ئەکا لەوەی گوناح گەشە بکات.

لەم قسانەیا بووین و چایەکمان لێنا و وەکو سەردەمی زانکۆ بەدەم قسەکردنەوە جار جار سەیری موبایل و فەیسبووکمان ئەکرد، موبایلەکەی عەلی چووە سەر تۆماری دەنگی کەسایەتییەکی ئاینی کە لەگەڵ کچێکا قسە ئەکا، ئەوکاتە تۆماری دەنگی ئەو کەسایەتییە بڵاوکرابۆوە، لەوکاتە عەلی وتی ئێستا ئەمە خۆ

موسوڵمانە و چەندین کەس لەژێر دەستیا پێگەشتوون و ئەگونجێ نزیکی هەزار فەقێی پێگەیاندبێ، سەیرکە خۆی لەچیەوە تێوەگلاوە، دەی بەخوا ئەم تەسەوفەی تۆ باسی ئەکەی بتوانێ ئا ئەمە کۆنترۆڵ کا و توشی ئەو شتانە نەبێ هەڵبەتە ئەوەیە کە خوا ئەیەوێ.

من: ڕێك ئەمە کێشەی ئەوەیە کە باسمان کرد، گوناحەکە لە دڵدا ڕەگی داکوتاوە، ڕاستە لەوانەیە چەندین ساڵ بە کردار ئەنجامی نەدابێ، بەڵام لە دڵدا هەر بوونی هەبوو، مادەم ڕەگەکەی بوونی هەیە، کەواتە ئەگەر دەرفەتێکی بۆ ڕێکەوێ زۆر

ئاسان توشی گوناحەکە ئەبێ و ئەیکا بە کرداری، ئەزانی وەك چی وایە، وەکو تەباخێك کە بتڵێك غازی پێوە بەستراوە، سۆندەی غازەکە کونێکی بچوکی تیایە،ماڵەکەت جێهێشتووە و ڕۆیشتووی بۆ سەفەر بۆ هەفتەیەك، لەماوەی ئەم هەفتەیە لە ژوری مەتبەخەکەت بەردەوام غاز ئەڕژێ ئەگەرچی برەکەشی کەمە، بەڵام بەردەوام ئەڕوا، تا تۆ لە سەفەرەکەت ئەگەڕێیتەوە ژوورەکە پڕبووە لە غاز، ئەوەی کە تا ئێستا ژوورەکە گڕی نەگرتووە هی ئەوەیە دەرفەتی ئاگرکەوتنەوە دروست نەبووە، بەڵام ئەگەر

لە ژورەکە یەك دەنکە شقارتە دابگیرسێت یەکسەر ئەوەی هەفتەیەکە کۆبۆتەوە لە ژوورەکە لە یەك لەحزە هەمووی ئەبێتە ئاگر و ئەتەقێتەوە، جا ئەو کەسانەش کە سالانێکە خۆیان ئەپارێزن زۆری خۆپارێزیەکە هی ئەوەیە کە دەرفەتی گوناحەکە نەگونجاوە، بچوکترین دەرفەت یەکسەر توشی گوناحەکەی ئەکا و ئەوەی چەنێکە لە ناخیا کۆبۆتەوە بە یەك لەحزە ئەتەقێتەوە.

---

*لەکاتی نوسینی ئەم بەشەیا بووم بەسەرهاتی خوێندکارێکم بیرهاتەوە، نەمتوانی لە نوسینی بەردەوام بم تا ڕۆژی دواتر، زۆرم پێ سەیر بوو، ئەو خوێندکارەم سێ شتی بۆ باسکردم وتی داوام لە خوا کردووە بۆم بکات تەنها لە دڵەوە وەك خۆی بۆی کردووم، سێ شت کە ڕەنگە هەندێکی موستەحیل بێت، بەڵام چونکە بە دڵ داوای کردبوو بۆی هاتەدی، دوعایەك بە دڵ بکرێت کاریگەری زیاترە لە هی زمان.

مەلا هـــێمن: وەڵا مـــن شـــتێکم بـــۆ دەرکەوتـووە ئەمەی کە تـۆ باسـی ئەکەی هەستەکەم بۆ کەسێك زۆر بـاش لێـی تـێ ئەگا وەك خۆتەڵێی کە بە عەشقی ئەم دنیـا تێـــپەڕی بێـــت، ئەتـــوانم بڵـــێم باشـــترین شوێنگرەوەی ئەم عەشقەشە، واتە کەسێك لە عەشـقی ئەم دنیـا تێـوەگلابێ باشـتر لە عەشـقی ئیلاهـی تێـدەگات و ئەزانێـت کە بگەیتە ئەو ئاسـتەی عیبـادەت بە عەشـقەوە بکەیت چۆن دڵت ئامادەی ئەبێت.

عەلـی پرسـیاری کـرد، باشـە بـۆ زۆربەی شـــاعیرە کلاســـیکیەکان یـــا ئەوانەی ئەم سەردەمەش زۆربەی شـێخ و دەروێشـەکان

له شـــیعرا زۆر شـــارەزان و شـــیعری زۆر جوانیان هەیە؟

من: جا ئەوە خۆی بابەتێکی تۆزێ زانستی و دەرونییە.

ئینسـان هەر لە منـاڵیەوە تـا ئەگـاتە کـاتی مردنیشـــی، بەردەوام وزە کۆئەکـــاتەوە، لە مناڵیـدا ئـێمە پێـی ئەڵـێن بەهـرەیەکە و لە کەســەکەدا هەیە، بەس ئەم بەهـــرە ئەگەر گەشـەی پێبـدەی بەردەوام دەبێـت، ئەگەر ئیهمالیشی بکەی یـا وزەکەت لە شـتی تـر بەفیـــڕۆ بـــدەیت، ئەوکـــات بەهـــرەکەت دائەمـرکێتەوە، تەمەنـی گەنجـی بەتـایبەت ئینســـــان وزەیەکــــی زۆری هەیە، ئەگەر

بتوانی به باشی بەکاریبێنیت، هەیە وزەکەی لە نوسینا بەکارئەهێنیٚ، نوسەرێکی باشی لیٚ دەرەچیٚ، هەیە وزەکەی لە حساباتا بەکارئەهێنیٚ لە بیرکاریا زیرەك ئەبیٚ و مێشکی باشتر ئیش ئەکا، هەیە وزەکەی لە ئەدەبیات و وشەسازی و هۆنراوە بەکارئەهێنیٚ، شیعر ئەنوسیٚ، هەرکەسە و وزەکەی بە جۆرێك بەکار ئەهێنێت، بەڵام زۆرکەس ئەو وزەی هەیەتی لەڕێی هەستەکانیەوە بە شتی تر سەرفی ئەکا، بۆ نمونە هەستی بینین، بیستن، تامکردن، لە ئێستایا گەنجەکان زۆربەیان ئالودەی پۆرن و فیلمی خیلاعی بوون، بۆیەئەو دیمەنانە

وا ئەکا، وزەکەی لە بینینیا سەرف بکا، یا زۆر خواردن کە بەهۆی هەستی تامکردنەوە تامی خواردن ئەکەی، بە هەمان شێوەش تامکردن و خواردن پێویستی بە وزە هەیە، بۆیە زۆر خۆریش وزەیەکی زۆرت لێ ئەبا.

بۆیە لە تەسەوفدا سێ شت زۆر گرنگی پێ ئەدرێت بۆئەوەی وزەکانت لەدەست نەچێ، ئەوانیش (کەم خەوی، کەم خۆری، کەم دوی)، واتە خەوێکی کەم، چونکە خەوی زۆر دڵ ئەمرێنێ و زیانی تەندروستی هەیە، خواردنی کەم، چونکە گەدەی پڕ ڕێگرە لە وەرگرتنی زانست،

قســەکردنی کەم، چــونکە ئەبــێ خەڵــك کردارت ببینن نەك تەنها قسـە، نـابێ وزەی کۆکراوەی ناخت بە قسە سەرف بکەیت.

ئەوانەی کە شــاعیرێکی زۆر بەتوانــان جـا شــاعیرە کلاســیکیەکانی پێشــوو بێــت یــان ئەوانەی ئەم ســــــەردەمە، زۆرینەیــــــان بە تەســـەوفدا تێپەڕیــون و تەســـەوف فێــری کردوون کە وزەیـان لەدەسـت نەدەن، ئەو وزەیەش کە لەناخــــــدا کــــــۆئەبێتەوە هەرکەسێك بەشـێوەیەك دەریئەبڕێـت، هەیە وزەکەی لە نوســـیندا دەرەبـــڕێ هەیە لە کاری زانستی هەیە لە بواری ئەدەبی.

عەلـــی: باشـــە تـــۆ بـــۆ هەمـــوو باشـــیەکان ئەبەیتەوە بۆ تەسەوف؟

من: من نایبەمەوە خۆی وایە، تـۆ کێشـەت لەگەڵ وشـــەکە هەیە ئـــێمە پێـــی ئەڵێـــین تەسەوف یەکێ تر شتێ تری پێ ئەڵـێ تـۆ ئەتـــوانی پێـــی بڵێـــی پـــاڵفتەکردنی نـــاخ، تەســـــەوف چیـــــیە؟ واتە تەســـــفیە، واتە پـــاڵفتەکردنی نـــاخ و پـــاکردنەوەی نـــاخ لە خەلتە و پیسی نەفس.

لە تەسەوفدا ناخت پاك ئەکەیتەوە و واز لە تەمســـیلکردن ئەهێنیـــت، ڕێـــك نـــاخی ڕاســـتەقینەتە کە دەرەکەوێ، ئەو ماســـکە

نـــــامێنێ کە لەبەر خەڵـــــك کــــــردوتەتە دەموچاوت.

سەیرکە تۆ دیقەت بدە ئێستا مـن ئەتـوانم ڕێشـــێکی ئیســـلامیانە دانـــێم و لەبەرچـــاو خەڵکــا خــۆم وەك مەلایــکەت دەرخەم و خەریکــی نــوێژ و ڕۆژووی ســونەت بــم، بەڵام یەك چرکە ناخم دەربــڕی ئیتـر تەواو هەموو ڕوکەشەکەم ئاشـکرا ئەبــێ و بەشــە ڕاســـــتەقینەکەم دەرەکەوێ، کە قەنـــــاعەتم وایە خــوا لەســەر ئەو بەشــە لێپرســینەوە لە ئینسان ئەکا.

عەلــی: بــۆچی بەشـــی ڕاســتەقینە و بەشـــی درۆیەنەش هەیە؟ ئەمەیان چۆنە؟

مـن: بەڵـێ ڕاسـتەقینە و درۆیـنە لە هەمـوو ئینسانێکدا هەیە، ئەتوانین بڵێن ناخی ئینسان و ڕووکەشەکەی، ئەوەی کە ئێمە ئەیبینـین لە هەر کەسێکدا ڕووکەشە ناخەکەی دیار نییە، بەڵام لە هەنـدێ کاتـدا نـاخی ئینسـان دەرەکەوێ و لە هەنــدێ کاتــدا نــاخەکە کاریگەری لەسەر ڕووکەشەکەش هەیە.

نــاخ و ڕووکەش ئەتــوانین پێیشــی بڵێــین هەســت و نەســت، هەســت ڕووکەشــە و نەســت نــاخە، باشــکردنی هەســت ڕیــایە هەندێ جار دەمامکە و هەندێ جار شـەرم و حەیایە و لەبەر کۆمەڵگـا ناچـاری باشـی بکەیــت، بــۆیە هەرچەنــدە گرنگــی بە

هەستمان بدەین واتە ڕووکەش ناخ بەدرۆمان دەخاتەوە لە هەندێ حاڵەتدا وەك (توڕەبوون، سەرخۆشی و کاتی بەنج، بەڵا و موسیبەت، زۆر لەگەڵدا ژیان، ژیان لە شوێنێکی تر).

بۆیە لە تەسەوفدا بە فلتەری تەزکیەی نەفسدا تێپەڕدەبێت، واتە ناخت پاك ئەکەیتەوە کە ناخیشت پاك بوویەوە، وردە وردە ئەو ناخە ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕووکەشەکەشت ئەبێ و لە ڕووکەشدا ڕەنگ ئەداتەوە.

عەلی: باشە ئەو پێنج کاتە چۆن ناخ خۆی دەرەخات و بەدرۆمان ئەخاتەوە؟

من: بۆ نمونە تۆ خۆت وەك كەسێكی باش و بەڕەوشـت دەرەخەیـت، بەڵام لە ناخـت حەزی بە جنێـودان و شـەڕكردنە، بـۆیە كاتێ توڕەئەبی هەست سڕ ئەبێ و دەس ئەكەی بە قسـەی ناشـرین، لەو حاڵەتەیـا ناخـت كە بەشـە ڕاسـتەقینەكەتە خـۆی دەرخسـت، یـا بـۆ نمـونە كـاتێ كە دوای عەمەلیات بەنجەكە خاو ئەبێتەوە بەرت ئەدا كـۆمەڵە قسـەیەك ئەكەی كە بەشـێك لەو قسانە پەنگ خـواردووی نـاخە لەو كاتەیـا فرسەتە بۆ ناخ تا خـۆی ئاشـكرا بكـا، یـان زۆر لەگەڵـدا ژیـان، بـۆ نمـونە مـن و تـۆ بـرادەرین تـۆ ئەتـوانی دوو ڕۆژ سـێ ڕۆژ

دوو مانگ سێ مانگ تەمسیل بکەی و ڕووکەشێکی باش پیشان بدەیت بەس بە درێژای کات وردە وردە ناخت خۆی ئاشکرا ئەکا.

عەلی: باشە دەی با لە مەوزوعەکە دوور نەکەوینەوە شیعرەکان کامانە ئەزانی دەربارەی ئەم بابەتانە؟

من: وەڵا بڵێم چی، گوێگرە شێخ عبدالقادری گەیلانی چی ئەڵێ

ئەگەرچی نیمە ئەو چاوەی ببینێ ڕووی جەماڵی تۆ
ئومێدم نابڕێ کە تەمەن چوو بە خەیاڵی تۆ
*******
بەهەشت پێشکەش بە چاکان و منی بەد با لە دۆزەخ بم
چەنێ خۆشە لە ئاگردا تەمەنناکەین ویساڵی تۆ

*******

له دۆزەخدا منی دێوانە زۆر شادم بە زنجیرت

ئەگەر یەک جار بپرسی لێم کە مەجنون چۆنە حاڵی تۆ

جا سەیرکە چۆن باسی تامەزرۆی خۆی ئەکا بۆ بینین و گفتوگۆکردن لەگەڵ خودا، یەکەمجار ئەڵێ هەرچەن چاوم توانای ئەوەی نییە تۆ ببینێ بەس هەر بێ ئومێد نیم کە دایمە لە خەیاڵمای، دواتر ئەڵێ بەهەشتم ناوێ من لەبەر بەهەشتەکەت تۆ ناپەرەستم بەڵکو لەبەر خودی خۆت، ئەڵێ بەهەشت بدا بە چاکەکاران من خراپەکارم قەینا با بچمە دۆزەخ، چەن خۆشە تەنانەت لەناو ئاگریشا تەمەنای بینینی تۆ بکەین، واتە چاوەڕێی

دیـداری تـۆ بـین، واتە چـاوەڕێی دیـداری خـودا وای لێکـردووە کە ئـازاری ئـاگری دۆزەخـی لەبیرکـردووە، دواتـر ئەڵـێ لە دۆزەخەکەیشـتا هەر دڵخۆشـم تەنـانەت بە عەزابەکەشـی، لە خۆشـی ئەوەی کە لـێم بپرسـی حاڵـت چـۆنە لە دۆزەخ. (ئەم هـۆنراوە عبداللـە مـاتی کـردویتیەوە بە کوردی)

قەنـاعەتم وایە فەنـایی بەم هـۆنراوە زۆر بە جـوانی و بە کـورت و پـوختی وەڵامـی کۆمەڵێك پرسیاری داوەتەوە و پێمان ئەڵـێ کە ئەو جیهـانە تـا نەیبینیـت بە وەسـف و نوسین بەتەواوی لێی تێناگەیت.

## ئەم هـۆنراوە فەنـایی بـۆ شـێخ عوسـمانی سیراجەدینی ناردووە.

لە ڕێگەی عەشقدا هەرکەس ئەسیری کۆت و زنجیرە
ئەگەر بێهۆشە یا مەستە مەڵێن شێتە بڵێن ژیرە
هەتا لەو بادە پەرداخێ نەنۆشن واعیز و قازی
بە من کەی تێئەگەن ئاخۆ چ بازاڕێکی دڵگیرە!
سەرێ سەودا زەدەی تیری محەببەت بێ ئەزانێ ئەو
کە عیلم و دەرسی مەجنوونی هەموو ئیدراك و تەئثیرە
وەرە واعیز لە کەشکۆڵی دڵی عاشق تەماشاکە
حەقیقەت تێئەگەی ئەوسا چ پێویستت بە تەقریرە
بە قال و قیل طەی نابێ مەسیری عەشق و دڵداریی
بە ڕۆژیش پیاوی نابینا یەقین موحتاجی دەسگیرە
لەطیفەی عالەمی ئەمرت کە گیرۆدەی عەناصیر بوو
وەکو زێڕێکی مەغشوشە عیلاجی بەس بە ئیکسیرە
لە بۆتەی مەیکەدەی عەشقا کەسێ ژەنگی دڵی مابێ
مەحاڵە دەرکی مەعناکا ئەگەر جوانە، وەگەر پیرە

ئەگەر کاسەی سەرت گەنجینەبێ بۆ عیلمی زاهیر بین
لە نووری مەعریفەت دووری کە تۆ قەلبت وەکو قیرە
فەناییش گەنجی گەنجیدا غرووری پێ کڕی ئەوسا
شوکر بۆ زاتی حەق ئێستا قوتابی مەدرەسەی پیرە.

دوای ئەوەی باسی شیعر و غەزەلەکانمان کرد، عەلی وتی وەڵا ئەم بەزمەیان خۆشە، زۆر جوان ئەوەی ناخیان دەرەبڕن، باشە ئەی شتێکی تر، وا هەستەکەم خۆی لە ئەسڵا ئەو هەستە کە دەری ئەبڕن زۆرینەی عوقدەی عەشقی مەجازی و بە کوردیەکەی زۆرینەی عەشقکی کەسێکە بەس بەناوی دینەوە دەری ئەبڕن.

عەلی: ئەی مەسەلەی کەرامات و ئەو شتانە چییە کە شێخ و پیاوچاکانی کۆن

هەیانبووە؟ ڕاستە ئەو شتە هەیە؟ ئەمەی کە ئێستا ئەیکەن بەرد و شوشە ئەخۆن ئەمەش کەراماتە؟

من: مەسەلەی کەرامات و حاڵ وا ئاسان نیـیە لێـی تێـبگەین، چـونکە شـتێك نیـیە زانست بە تەواوی لێکـدانەوەی بۆ کردبێـت و سـەلماندبێتی، مەرج نیـیە هەر شـتێکیش زانسـت نەیسـەلماند تـۆ بڵێـی بـوونی نیـیە، ئەسڵەن هەندێ بابەت هەیە زۆر لە زانسـت گەورەتـر و ئـاڵۆزترە و بـوونی هەیە، بەڵام زانست دەسەوسـانە بەرامـبەری و ناتوانێـت بیسـەلمێنێت، بـۆ نمـونە سـیحر و جـن و چاوەزار، ئەمانە سەد لە سـەد بـوونی هەیە،

بەڵام بە زانستی هیچی نەسەلمێنراوە، چونکە مەسەلەی سیحر و جن و چاو پەیوەندی بە هێزێکەوە هەیە کە بە نیسبەت ئێمەوە نادیارە، ئەو هێزەش لە دەرەوەی زانستی دنیایە، بۆیە ناکرێ بە زانست لێکدانەوەی بۆ بکەین.

کەراماتیش بەو شێوەیە، جارێ پێش هەموو شتێك کەرامات و موعجیزەمان هەیە، هەردووکی توانایەکی سەروو ئاساییە کە خودا ئەیدات بە بەندەکەی، بەڵام موعجیزە تەنها بۆ پێغەمبەرانە، کەرامات بۆ پیاوچاکانە.

عەلی: باشە ئەی ئەم حاڵە چییە؟ کوا لە سەردەمی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) شتی وا هەبوو؟

من: تۆ جارێ واز لە سەردەمی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بێنە، بزانە حاڵ چییە؟

عەلی: ئێ دەی منیش ئەوەم ئەوێ بزانم چییە؟

من: کاتی خۆی زۆر بەدوایا ئەچووم بزانم حاڵ چییە، بەس جوانترین پێناسەی کە دەسم کەوتبێت ئەوەبوو کە دەڵێن "حاڵ، حاڵە، بە وتن دەرنابڕدرێت"، واتە حاڵەتێکە

ناتوانیت پێناسەی بکەیت ناتوانیت باسی بکەیت و وەسفی بکەیت ئیلا هەر دەبێ بیچێژیت ئینجا ئەزانی چییە.

هیچ پێناسە و باسێك ناتوانێت حەقی خۆی پێبدات، و ناتوانیت بە هیچ شتێك شوبهاندنی بۆ بکەیت کە سەد لە سەد مەبەستەکەت بگەیەنیت، چونکە شتێکە ئەبێ خۆت بیچێژیت، ئەکرێ چەشتن تەنها لە کۆڕی زیکر و ئەوە نەبێ کە تۆ بینیوتە، ئەکرێ حاڵ بە چەندین شێوە توشمان بووبێ، لەوانەیە لە هەندێکی تێبگەیت و هەندێکی هەستت پێکردبێ کە

حاڵە، مەرج نییە تەنها لە مەسەلەی دینیشـدا بێت.

ئەزانی بۆ پێناسە ناکرێ؟ چونکە حـاڵەتێکە ناشوبهێت بە هیچ شتێك، بـۆ نمـونە وەکـو ئەوە وایە میوەیەکی تـازە هـاتبێتە بـازاڕەوە من تا ئێستا نەمخواردبێت، بۆ نمونە میـوەی مانگۆ، تۆ خواردوتە ئەڵـێم ئەو میـوە تـامی چی ئەدات؟ تۆ ئەڵێـی ترشـە، باشـە تـرش زۆر شت ترشە لیمۆ ترشە لیمەدۆزی ترشە هەنـــاریش ترشـــە، کەواتە تـــامی ئەمـــانە ئەدات؟ نەخێـر، ئەی ئەگەر بڵێـی میـوەکە شـــیرینە، باشـــە خـــۆ هەنجیـــریش شـــیرینە، شەکریش شیرینە، ئەکرێ بڵێ مانگۆ تـامی

هەنجیـر یـا هەنـار ئەدات؟ نەخێـر، ئـیلا بە چەشتن ئەتوانی بزانی تامی چۆنە، چـونکە شوباهندنی پێ ناکرێ.

حاڵیش من وا لێـی تێگەشـتووم کە ئـاوایە، حــاڵەتێکە توشـــی ئەو کەســـە دەبێـــت، ناتوانێت بە باسکردن دەریبڕێت، بەڵام وەك باسی ئەکەن حاڵەتێکی خۆشە، هەنـدێکیان بەو جـۆرە باســی ئەکەن کە شــەوقێکە یــا بڵێین وزەیەکە بەهۆی مەجلیس و کـۆڕی زیکــرەوە یەتە ناخــت و جەســتە بەرگەی مانەوەی ناگرێت، ناچـار بەو جـۆرە دەری ئەبڕێت هەریەکەیـان و بە شـێوازێك دەری ئەبــــڕن و ئەو وزەیەی ناخیــــان بەتــــاڵ

ئەکەنەوە، یەکـــێ بە گریـــان یەکـــێ بە هاوارکردن هەر یەکەی بە شێوازێك دەری ئەبڕێ.

عەلی: باشە تۆ ئەڵێی مەسـەلەکە پەیوەنـدی بە دینەوە نییە و لەوانەیشە توشمان بـووبێ، واتە بڵێی تا ئێستا من توشم بووبێ؟

مـن: ئـا لەوانەیە چەنجـار حـاڵ گرتبێتیـی هەست پێنەکردبێ کە ئەمە حاڵە، لەوانەشـە بەهۆی دینەوە نەبوبێ، کورە زۆر سادە پێو بڵـێم حـاڵ ئەوەیە کە هەسـتێکە زیـاد لە حەدی خۆی ناخت داگیر ئەکات، هەر بۆ نمـونە نەوبیسـتووە یەکـێ یەکێکـی زۆر خۆشـبوێت خەڵـك ئەڵـێن سـەیرکە چ

حاڵێکی هەیە بۆی، یا دایك و باوکێك کە کوڕەکەیـــان دوای چەنـــدین ســـاڵ لە دەرەوەی وڵات ئەگەڕێـــتەوە کە ئەیبیـــنن حاڵیـــان چـــۆنە؟ زۆرجـــار ئەگـــرین یـــا ئەبـوریێنەوە، تەبـعەن گریـان و بـورانەوەکە ئەو حاڵەیە کە بەهـۆی بینینـی کوڕەکەیـان بینیویانە، واز لەوەش بێنە ئەحـمەد بیـرە کە شـــەوان لە داخلـــی دائەنیشـــتین گـــۆرانی فارسی لـێ ئەدا و لەپڕێکـا بۆکسـێکی ئەدا لە دیوارەکە.

عەلـی: ئـا بەخـوا ئەویـش نەگـبەت بـوو، یەعنی تۆ ئەڵێـی ئەوەش جـۆرێکە لە حـاڵ کە ئەو لەگەڵ گـۆرانیەکە کەنیشـکەکەی

بەشـــــی ئینگلیـــــزی بیـــــرەکەوتەوە کە خۆشیەویست.

مـن: تەقـریبەن ڕێـك وایە، بەو جەوەی کە بە گـــۆرانیەکە دروســـتی ئەکـــرد ئەوی بیرەکەوتەوە و ناخی پڕ ئەبـوو بەوە خـۆی بەتـــاڵ ئەکـــردەوە کە بۆکســـی ئەدا بە دیوارەکەیا.

جا تۆ سەیرکە ئەو عەشـقە مەجـازییە چـی لە عاشقەکە ئەکات، ئەی ئەگەر بـگەی بە عەشـقی حەقیقـی ئەبـێ ئەوکـاتە حـاڵەکە چۆن بێت.

ڕۆژێك لە كۆڕێك بووم قورئان خوێنـدرا، ئێمە بەحساب خوێنەوار و مامۆستا بـووین، بەڵام چــونكە خەیاڵمــان لای ئایەتەكــان نەبــوو، لە هیچــی تێنەگەشــتین، بەڵام لە نزیك ئێمە كەسێكمان بینی حاڵی لێهـات و دەسی كرد بە گریان بەس چۆن گریانێـك گریانێكی زۆر، یەكـێكم لەگەڵ بـوو وتــی ئەزانی ئەوە بۆ وای لێهات وتـم بـۆ؟ وتــی ئەوە ئـایەتەكە باســی ئەوكـاتە دەكـات كە خودا قسە لەگەڵ پێغەمبەر موسا ئەكا (علیە سلام).

جا دیقەتبـدە چـونكە بەڕاسـتی یـادی خـوا ئەكا، ئەو ئـایەتە كە گـوێی لێبـووە وێنـای

ئەکـا لای خـۆی نـوری خـوا و سـوتانی شـاخەکە ئەوەنە بەڕاسـتی چـۆتە نـاخی کە کاریگەری لەسەر دروست کردووە.

ئیتر کەسی عاشـق بـاکی بەوە نیـیە خەڵـك چۆن سەیری ئەکا و چۆن لێکدانەوەی بـۆ ئەکەن ئەو خۆی ئەناسێ و ئەزانـێ لەسـەر چ ڕێگـــایەکە، مەحـــوی زۆر جـــوان ئەو حاڵەتە بە شیعر وەسف ئەکا و ئەڵێ

ئـابڕو ڕێـژە ویسـاڵی یـار، خـوێن ڕێـژە فیـراق
عالەمی عیشق و محەبت، هەر بڕێژە و هەر بڕێژ

ڕۆژێك لە مزگەوت لەکاتی نوێژدا مەلاکە دەسی کرد بە گریان لەو ئایەتـدا بـوو، کە

دەفەرمـــویَ لەڕۆژی دوای بە جەهەنـــم دەڵێین ئایە پڕ بووی، ئەویـش دەڵێـت ئـایە هی زیاتر هەیە، ئەم ئایەتە چونکە بەڕاستی وێنــای کــردووە لە مێشــکی خۆیــدا و بەتەواوی لێــی تێگەشــتووە، خــۆی پــیَ ناگیرێت و دەس دەکاتە گریان.

عەلــی: باشــە ئەی ئەو وزە نــاردنە چیــیە بەحســاب ئەڵــێن شــێخ وزە ئەنێــریَ بــۆ دەروێشەکان و حاڵیان لێیەت وابـزانم ئەمە پەیوەندی بە فیزیـاکەی خۆیشـمانەوە هەیە، وایە؟

من: وەڵا وەك وزەناردنەکە بیزەبـت نـازانم چـۆنە و چـۆن نیـیە یـا ڕاسـتە، بەس بەڵـیَ

هەمـوو کەسـێك وزەی تـایبەت بە خـۆی هەیە، لە یۆگا پێی ئەوترێت چاکراکـان یـا هـــالە، کە ئەو وزە بەگــــوێرەی نـــاخ و کردەوەی کەسەکە ئەگۆڕێـت، ئەم وزە لە زانســـتێکی پزیشـــکیا هەیە کە ئەتوانرێـــت ئاراســـتە بکرێـــت و کـــاریگەری لەســـەر نەخـــۆش دابنـــێ، کـــاتێ دکتـــۆرەکە بە نزیککـــردنەوەی دەســـتی لە نەخۆشـــەکە وزەی بۆ ئەنێرێ، بەس ئەمەی شێخەکە کە تۆ ئەڵێی ئەگونجێ ئەو کاریگەرییە بەهۆی ڕێز و هەندێ هۆکاری تر بێت.

عەلی: باشە قسەکە لەسەر ئەوەیە بۆ بەهۆی شێخەکەوە حـاڵ دروسـت ئەبێـت یـان بـۆ

ئەبێ پەیوەندی خۆم و خوا لەڕێگەی شێخێکەوە دروستکەم ئەی ئەوە کوفر نییە؟

من: ئەگەر بەو مەبەستە بێت کە تۆ شێخێك بکەی بە وەسیلە لەنێوان خۆت خوا و باوەڕت وابێت کە بەهۆی ئەوەوە لە خوا نزیکەبیتەوە، با ئەوە کوفرە، چونکە خوا پێویستی بە هیچ ناوەندێك نییە تا لێی نزیکبیتەوە، ئەوەتا خۆی ئەفەرموێ من نزیکم لێتانەوە، ئیتر چ پێویست بە شێخ ئەکا تا من بگەیەنێت بە خوا، بەتاکید ئەوە کوفرە، بەس مەسەلەی کاریگەرییەکە جیایە، بەجۆرێ تر باسیکەین بۆیە هەندێ

له دەروێــش بە بینینــی شــێخەکەی یــا مەجلیســی زیکــر ئەو حــاڵەی توشــەبێت و یــادی خــوا ئەکــا، چــونکە لەوکــاتەدا جەوەکەی بۆ خولقاوە، ئەها لەناو پاسەکەیا باسمان کرد کە دیمەنی شـاخ و دەشـت و ســـــەوزایەکە ئەبینـــــی بـــــۆ ئەوەیە دروســتکارەکەیت بیــرکەوێتەوە و یــادی بکەیـت، دەروێشـیش هەمـوو کارێـك بـۆ ئەوە دەکات تا دایمە خوای لەبیربێت، جـا لە ســەردەمی ئەمڕۆمــان کە تەکنەلۆژیــا و کەناڵەکانی تەلەفیزیۆن و بازاڕ هەمووی پـڕ بـــووە لە لادان و خراپـــی و کێشـــە و مەشـــــغەڵەت لەوانەیە ڕۆژانە بەهـــــۆی

نوێژەکانەوە نەبێ یادی خوامـان بیرنەمێنـێ، بەڵام کاتێـك ئەچیـتە مەجلیسـێکی زیکـر، دائەبڕێی لە دنیا و بەهـۆی زیکـر و بینینـی ئەوانەی لەوێن و گـوێگرتن لە قەصـیدە و وەسـفی خـوا و پێغەمـبەر (درودی خـوای لەسەر بێت) یادی خوا ئەکەیت.

عەلـی: باشـە مـن مەبەسـتەکەم ئەوەیە بـۆ شێخەکە کراوە بە ئامـانج و شـێعر و شـت بەسەر ئەودا ئەڵێن و دەسی ئەو ماچەکەن؟

مـن: دەی کـێ ئەڵـێ مەبەسـتەکە ئەوە؟! مەبەسـتەکە ئەو نیـیە بەس بەهـۆی ئەوەوە ئەگونجێ ئیلتیزاماتێکت بۆ دروستبێت بـۆ زیکرکـردن یـا بەهـۆی ئەوەوە خـوات

بیرکەوێتەوە، ئەزانـی وەکـو چـی وایە، بـۆ نمـونە تـۆ هاوڕێیەکـت هەیە لە منـاڵیەوە بەیەکەون پـاش مـاوەیەك بەهـۆی ئـیش و کار و ژیانەوە لەیەك دائەبڕێن پـاش چەنـد سـاڵێك برادەرێکـی هـاوڕێکەت ئەبینـی، قسـەی لەگەڵ ئەکەی یەکسـەر هەواڵـی هـاوڕێکەتی لـێ ئەپرسـی، لەوانەیە ئەو خوڵـك و مـاریفەتەی کە لەگەڵ ئەمـیش ئەیکەی بەهۆی هاوڕێکەتەوە بێت، تـۆ لەو هەواڵپرسـینە مەبەسـتت هـاوڕێکەتە، بەس بەهـــۆی ئەمەوە بیرتکەوتـــۆتەوە، واتە مەســـەلەکە تەنهـــا ئەوەیە تـــۆ بە هەر هۆکارێك بێت لە یادی خوا دانەبڕێیت ئیتر

بەهۆی مەجلیسێکی زیکر بێت یا بەهـۆی گـوێگرتن لە وتـار و حەدیـس یـا بە هەر هۆکارێکی تر بێت.

عەلـی: باشـە وا بـا بڵێـین حـاڵەکە وایە کە باست کرد، ئەی کەراماتەکە چییە؟ یـا ئەم بەرد خواردن و شوشە خواردنە چییە؟

مـن: کەرامـات توانـایەکە خـوای گەورە بەخشـیویەتی بە پیاوچاکـان، جـاران زیـاتر هەستی پێ ئەکـرا چـونکە ئەوکـات وزەی مەعنەوی خەڵك زیاتر بوو و کەمتر هۆکار هەبوو بۆ لادان و بەفیرۆدانـی وزە لە شـتی بێ سودا.

توانایەکە هەندێجار کەسەکە هەستناکات کە کەراماتی هەیە، و حەزیشناکەن کە کەس بزانێ ئەوەی هەیە کەراماتە، بەڵام لەسەر دەمی چواردەورەکەیان و ئەوەی کە لێی ئەبینرێت، دەرەکەوێ کە کەسێکی ئاسایی نییە و توانای زیاترە لە کەسی تر و تواناکەش خوا پێی داوە بەهۆی خۆدورگرتن لە تاوانی گەورە و بچوك و زۆر عیبادەت کردن.

جا لەبەرئەوەی کە تواناکە زۆر سەروو ئاساییە و زانستیش ناتوانێت هیچ لێکدانەوەیەکی بۆ بکات بۆیە هەندێ کەرامات تا بە چاوی خۆت نەیبینی ئەگەر

بـــۆت باســـكەن لات ســـەیرە و لەوانەیە باوەڕی پێ نەكەیت، چونكە ڕوداوەكە كە لەسـەر دەسـی كەسـەكە ڕودەدات سـەروو زانست.

هەر بـــۆ نمـــونە ئەگێـــڕنەوە لە گونـــدێك پیاوچاكێـك هەبـوو، لەو گونـدە ڕۆژێـك منداڵێـك لە سـەربانەی ماڵەكەیـان ئەكەوێـتە خوارەوە چەنـد پێـیەك پـێش ئەوەی بگـاتە زەوی منداڵەكە زۆر بە خاوی ئەكەوێتە سەر زەوییەكە، لەو كاتەدا كەسێك گوێی لـێ ئەبێـت كە پیاوچـاكەكە ئەڵـێ (یـا اللـە فریایكەوە).

ئەمە دوعـایەکی ئەو پیاوچـاکە بـوو کە نە ئامادەکاری بۆ کردبوو نە زیکری تـایبەتی بۆخوێندبوو، بەڵام دوعاکە لە دڵـیەوە بـوو، یەقینی هەبووە کە لای خوا زۆر ئاسانە کە فریای منالەکە بکەوێ.

عەلـــی: وەڵا مـــن زۆر شـــتم لەســـەر ئەو کەراماتە بیستووە مەسەلەی چاوی بێخودی شاعیر و کەراماتەکانی شێخ عوسمانی بیارە و م.عبـدالکریمی مـودەریس و زۆر شـتی تـــر، باشـــە ئەی بەرد و شوشـــەخواردن ئەوەیان چیە کە وەکو نمایش ئەیکەن؟

مـــن: وەڵا ئەوە هەنـــدێك کەس ئەڵـــێن بەهۆی جنەوە چاوبەست لە خەڵـك ئەکەن

و ئیشـــەکەیان ئەســـڵ و ئەساســـی نیـــیە، ئەمەیان گوناحی گەورەیە، بەس گـوایە لە کۆنـدا بەهـۆی کەرامـاتی مورشـیدەکەوە دەروێش توانیویەتی بەرد و شوشە بخـوات و شمسـێر لە خـۆی بـدات و هیچـی لـێ نەیەت وەك بەڵگە بۆ ئەوانەی کە باوەڕیـان بە خوا نەبوو تا موسوڵمان ببن و بـزانن کە خوا دەسەڵاتی بەسەر هەمـوو شـتێکا هەیە، بەڵام لە ســـەردەمی ئێســـتا کە ســـەردەمی تەکنەلۆژیـــا و زانســـت و ئینتەرنێـــتە بـــۆ سەلماندنی دینی خوا پێویستی بە شوشـە و بەرد خواردن نییە، ئێستا سەردەمی بەڵگەی زانستی و توێژینەوەیە.

# کۆتای

خواناسی و خواپەرستی دوو شتی جیاوازن، پەرستن کارە، ئەرکێکە لەسەر شانت، ئەرکیش لێی تێنەگەیت قورسە لەسەر شانت، بەڵام خواناسین ناسینی ئەو زاتەیە کە ئەرکەکەی بۆ جێبەجێ دەکەیت، ئەگەر تەنها خواپەرستبیت، لەوانەیە کەمتەرخەم بیت لە ئەرکەکانت، ئەرکەکانت لەسەرشان قورس بێت، بەڵام ئەگەر خواناسبیت بە عەشقەوە خواپەرستیش دەکەیت، ئەرکەکە نەك هەر ئاسانە لەسەر شآنت، بەڵکو بە چێژەوە ئەیکەیت و لەزەتی لێ وەرەگریت.

ئەگەر مامۆستای لە مەکتەی یا دکتۆری یا موهەندیس یا مامۆستای ئاینی ئەو ئەرکەی لەسەر شانتە بە عەشقەوە ئەنجامی بدەیت و لێـی تێبگەیـت، چێـژ لە هەمـوو سـاتەکانی ئەنجامدانیشی دەبینیت.